ناونیشانی توێژینەوە

# کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی POSSE لەگەشەپێدانی ئاراستەی قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لەبابەتی ئەدەبی کوردیدا

م. ی چیمەن همزە درویش

کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی/زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر

# أثر استخدام استراتيجية POSSE في تنمية الاتجاه لدى طالبات الصف السابع الأساس في مادة الأدب الكوردي

## ملخص البحث:

أستهدف البحث التعرف على أثر استخدام استراتيجية POSSE في تنمية الاتجاه لدى تلاميذ الصف السابع الأساسي في مادة الأدب الكوردي. اعتمدت الباحثة تصميم المجموعات المتكافئة ، مجموعة تجريبية درست على وفق استراتيجية POSSE واخرى ضابطة درست بحسب الطريقة الاعتيادية المتبعة. اشتمل مجتمع البحث تلاميذ الصف السابع الأساسي في مدارس التعليم الأساسي النهارية في مديرية تربية المركز / مدينة اربيل للعام الدراسي (٢٠٢٢ - ٢٠٢٣). اختارت الباحثة قصدا مدرسة (وەنەوشە) الأساسية ، واختارت منها شعبتين عشوائيا و وزعوا بالأسلوب نفسه على المجموعتين ، فكانت شعبة (أ) البالغ عددها (٣٢) تلميذا المجموعة التجريبية ، و شعبة (ب) البالغ عددها (٣٢) تلميذا المجموعة الضابطة ، واجرت الباحثة التكافؤ بين تلاميذ المجموعتين في المتغيرات الاتية: العمر الزمني بالأشهر، درجة اللغة والأدب الكوردى-الكورس الأول ، التحصيل الدراسي للأبوين ، مقياس الاتجاه.

تكونت أداة البحث من مقياس الاتجاه التي تبنت من مقياس (حمد سعيد ، ٢٠١٤) الذي اشتمل (٣٧) فقرة وموزعة على (٣) بدائل ، استخرجت الباحثة صدق المقياس بأعطائها لمجموعة من المحكمين والخبراء وكذالك استخراج ثبات المقياس بإعادة الاختبار حيث بلغ ثبات مقياس الاتجاه (٠,٧٨) ، وبعد إجراء التعامل الاحصائي مع البيانات بأستخدام (T.test) توصلت الدراسة الى النتائج الاتية:

١. وجود فرق ذي دلالة احصائية عند مستوى (٠,٠٥) بين متوسط درجات فرق الاتجاه في الاختبار البعدي عند تلاميذ المجموعة التجريبية الذين درسوا على وفق استراتيجية POSSE و متوسط درجات فرق الاتجاه في الاختبار البعدي عند تلاميذ المجموعة الذين درسوا بحسب الطريقة الاعتيادية المتبعة ولصالح المجموعة التجريبية.
٢. وجود فرق ذي دلالة احدى احصائية عند مستوى (٠,٠٥) بين متوسط درجات الاختبار القبلي و البعدي عند تلاميذ المجموعة التجريبية الذين درسوا على وفق استراتيجية POSSE في مقياس الاتجاه ولصالح الاختبار البعدي.
٣. وجود فرق ذي دلالة احدى احصائية عند مستوى (٠,٠٥) بين متوسط درجات الاختبار القبلي و البعدي عند تلاميذ المجموعة الضابطة في مقياس الاتجاه الذين درسوا بحسب الطريقة الاعتيادية المتبعة ولصالح الاختبار البعدي.

وفي ضوء النتائج ، توصلت الباحثة الى استنتاجات و مقترحات و توصيات عدة وبصورة عامة يؤكدون على استخدام طرائق واستراتيجيات الحديثة ومنهم استراتيجية POSSE عند تدريس مادة الادب الكوردي وتنمية وتطوير الاتجاه لدى التلاميذ، كما و اوصى عدة توصيات.

**مفتاح الكلمات: استراتيجية POSSE / الاتجاه / الصف السابع الأساس**

## پوختەی توێژینەوە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی POSSE لەگەشەپێدانی ئاراستەی قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لەبابەتی ئەدەبی کوردیدا.

توێژەر پشتی بەدیزاینی گروپی هاوسەنگ بەست کە پێکدێت لە دوو گروپ ، گروپی ئەزموونگەری کە بابەت بەستراتیژیەتی POSSE دەخوێنن و گروپی کۆنترۆڵکار کە بابەت بەڕیگای ئاسایی دەخوێنێت، کۆمەڵگای توێژینەوە پێکدێت لە قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لەقوتابخانە بنەڕەتیەکانی ناوەندی شاری هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢ – ٢٠٢٣). توێژەر بەمەبەست قوتابخانەی (وەنەوشە)ی بنەڕەتی هەڵبژارد وەك سەمپڵی توێژینەوە و دوو هۆبەی دیارکرد بەهەڕەمەکی و دابەشیکردە سەر دوو گروپ، هۆبەی(أ) گروپی ئەزموونگەری کە ژمارەیان (٣٢) قوتابی بوو، هۆبەی (ب)یش گروپی کۆنترۆڵکار کەژمارەیان (٣٢) قوتابی بوو، توێژەر هاوسەنگی نێوان هەردوو گروپی توێژینەوەی دەرکرد لە گۆڕاوەکانی وەك ( تەمەنی قوتابی بەمانگ ، نمرەی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی-وەرزی یەکەم ، ئاستی خوێندنی دایك و باوکی قوتابیان ، پێوەری ئاراستە )

ئامرازی توێژینەوە بریتیە لە پێوەری ئاراستە کە توێژەر پشتی بە پێوەری ( حمد سعید، ٢٠١٤ ) بەست کە لە( ٣٧ ) دەستەواژە پێکهاتووە و دابەشی سەر ( ٣ ) برێتی کراوە ، توێژەر دروستی ئامرازی توێژینەوەی دەرکرد بە پێدانی پێوەرەکە بە ژمارەیەك لە شارەزایان و پسپۆران، هەروەها جێگیری پێوەرەکەی دەرکرد بەڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە بەجۆرێك جێگیریی پێوەر لەئاراستە بریتی بوو لە(٠,٧٨). دوای جێبەجێکردنی ئامرازەکان و دەرهێنانی ئەنجامەکان بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تایی (T.test)، توێژەر گەیشت بەم ئەنجامانە:

١. بوونی جیاوازی ماناداری ئاماری لەئاستی (٠,٠٥) لەنێوان ناوەندەژمێری نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری کەوانە بەستراتیژیەتی POSSE وەردەگرن و گروپی کۆنترۆڵکار کەوانە بەڕێگای ئاسایی دەخوێنن لەتاقیکردنەوەی پاشی پێوەری ئاراستە و لەبەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشی.
٢. بوونی جیاوازی ماناداری ئاماری لەئاستی (٠,٠٥) لەنێوان ناوەندەژمێری جیاوازی نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری لەتاقیکردنەوەی پێشی و پاشی پێوەری ئاراستە کەوانە بەستراتیژیەتی POSSE وەردەگرن و لەبەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشیدا.
٣. بوونی جیاوازی ماناداری ئاماری لەئاستی (٠,٠٥) لەنێوان ناوەندەژمێری جیاوازی نمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکار لەتاقیکردنەوەی پێشی و پاشی پێوەری ئاراستە کەوانە بەڕێگای ئاسایی وەردەگرن و لەبەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشیدا.

لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکان توێژەر چەند سەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازێکیان خستەڕوو کەبەشێوەیەکی گشتی جەخت لەسەر بەکارهێنانی ڕێگا و ستراتیژیەتی نوێ دەکات لەوانە ستراتیژیەتی POSSE لەوتنەوەی بابەتی ئەدەبی کوردی و پەرە بەبنیاتنان و

دروستکردنی ئاراستە بدەن لای قوتابیان، هەروەها توێژەر چەند پێشنیازێکیشی خستەڕوو.

**کلیلی وشەکان: ستراتیژیەتی POSSE / ئاراستە / پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی**

کێشەی توێژینەوە:

لەم سەردەمەی کەتیایدا دەژین گۆڕانکاری بەردەوام و و لەپڕ لەگشت بوارەکانی ژیاندا ڕوودەدات بێگومان پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بێبەش نابێت لەم گۆڕانکاریە و کاری لێدەکات و بۆ ئەوەی خۆی بگونجێنێت پێویستی بەخۆگونجاندن هەیە تا کاریگەری لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا دروست بکات ، بەمە پێویستە ڕێگا و شێوازی گونجاو بگرنە بەر تالەڕێیەوە قوتابی تەنها زانست و زانیاری وەرنەگرێت بەڵکو فێربکرێت چۆن وەریبگرێت و چۆن گەشە بەلایەنی مێشك و بیرکردنەوەیان بکەن و ئاراستەیان بکرێت لەچۆنیەتی دۆزینەوەی چارەسەری بۆ کێشەکان بەشێوەیەکی بابەتیانە، کەواتە دەبێ قوتابی بکرێت بەتەوەری سەرەکی پرۆسەی پەروەردە.

پێشخستنی پرۆسەی فێربوون پێویستی بەزیاتر گرنگیپێدانی مامۆستایان هەیە بەگەشە مەعریفی قوتابی و دروستکردنی بۆچوون و پێشخستنی فێربوونەکەیان و خێراکردنیان بۆیە لەسەر مامۆستایە کەبزانێ چۆن قوتابی فێردەکات ؟ و چییان فێردەکات؟ و چۆن ئەوەی فێری دەبن بەکاریبهێنن لەژیانی گرداری ڕۆژانەیان؟. ( سلمان، ٢٠١٦، ل٣٠١ )

توێژەر لەمیانی پرسیارکردن و چاوپێکەوتن لەگەڵ ژمارەیەك لەسەرپەرشتیار و مامۆستایانی زمان و ئەدەبی کوردی گەیشت بەو ئەنجامەی کەقوتابی حەز و ئارەززوی ئاراستەیان بۆ ئەم بابەتە لەئاستی پێویستدا نیە هۆکارەکەشی بۆ نەبوونی ڕێگا و شیوازێکی وانەوتنەیە کەهانی قوتابی بکات بۆ فێربوون و ڕێڵی لەپرۆسەی فێربوون نەرێنی دەبێت و هەتا ئەگەڕ ئەرێنیش بێت هۆکارێك یان ئامرازێك یاخود ڕێگایەك نیە بۆ ئەوەی ئاراستەی بکات و حەز و ئارەزووی فێربوونی لا دروستبکات. بەمەش کاریگەری لەسەر مەبەستە پەروەدەییەکان دروست دەکات.

توێژەر بۆ دیاریکردنی کێشەی توێژینەوە هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەی خوارەوە دەدات:

- ئایا کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی ( POSSE ) لەگەشەپێدانی ئاراستەی قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لەبابەتی ئەدەبی کوردی بوونی هەیە؟

**پێشەکی و گرنگی توێژینەوە:**

پەروەردەی نوێ و سەردەمیانە گرنگی بەنوێبوونەوە و دەدات و ئامانجی دۆزینەوەی ڕێگا و ستراتیژیەتی نوێیە کەئاستی زانستی قوتابیان بەرزبکاتەوە و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشمەکێشمی زانستی و هزری کەبەستراوە بەم سەردەمەی ئێستامان. ( عیسان واخرون، ٢٠٠٧، ل٣١ )

بیردۆزی فێربوونی بنیاتنەرانە ( البنائية ) گرنگی بەبنیاتنانی قوتابی لەزانیاری و بۆچوون دەدات، گرنگیپێدانەکانی بەقوتابی و چالاکیەکانیەتی لەناو پۆل و لەمیانی پرۆسەی فێرکاری، بیردۆزی بنیاتنەرانە هەڵدەستێت بەفێربوونێکی مانادار لەسەر بنەمای تێگەیشتن لەمیانی ئەو ڕۆڵەی قوتابی دەیبینێت و دەبێتە تاکێکی کارا و کاریگەر لەگەڵ ئەو چالاکیانەی کەجێبەجێی دەکات ئەمە بەئامانجی پێکهێنان و بنیاتنانی چەمکەکان لایان، لەلایەکیتر یەکێ لەتایبەتمەندیەکانی ئەم ستراتیژیەتە ئەوە گرنگی بەگشت شێوەکانی قوتابی دەدات بەمە یارمەتیدەری دەبێت لەلەبەرچاوگرتنی جیاوازی تاکایەتی و

وادەکات قوتابی توانای پریاردانی هەبێت و دەرفەتێکی بۆ دەرەخسێنێت کەخۆی پریاربدات بێ ئەوەی پێویستی بەمامۆستا هەبێت و قوتابیش بیرکردنەوەی زانستی لا دروست دەبێت. ( أبو سعود، ٢٠١٨، ل٤ )

لەژێر ڕۆشنایی گرنگیپێدانەکان بە گەشەپێدانی بیرکردنەوە کۆمەڵێك ستراتیژیەتی نوێ دەرکەوتن کە لەسەر بنەمای بیردۆزی بنیاتنەرانە دانراوە لەم ستراتیژیەتانە ستراتیژیەتی POSSE ە. ( أبو شنب، ٢٠١٩، ل ٣ )

ئەم ستراتیژیەتە لەلایەن ئەنگلیرت و ماریاج ( Englert & Mariage ) پێشنیازکرا لەسالێ ١٩٩١ و یەکێکە لەو ستراتیژیەتە مەعریفیانەی کەبەکاردێت لەفێرکردن و یارمەتی قوتابی دەدات لەدۆزینەوەی بۆچوونە سەرەکیەکان لەو دەقەی گوێی لێدەبیت یان دەیخوێنێتەوە ( Mertosono & ETAL,٢٠٢٠, P٣٢٤ ) ، تانا أكسر (Tina Oxer) پەرەو پێشەوەی برد لەسالی ١٩٩٢ و پێشکەش بەکۆنفرانسی ساڵانەی ڕێنمایی منداڵانی نائاسایی (The Annual Conrention of Counseling for Exceptional Children) کرد و دواتر لەکتێبەکەی بەناوی ستراتیژیەتەکانی فێرکردنی قوتابیانی خاوەن کێشە ڕەفتاری و فێرکاریەکان (Strategies for teaching student with learning & behavior problem)، لەساڵی ١٩٩٦ مارگاریت دایرسون (Margaret Dyrson) هەڵسا بەپێشخستنی بەشێوەیەك بگونجێت لەگەڵ پێداویستیەکانی خوێندنی زمانەکان. ( دحلان، ٢٠١٩، ل٣٧ ) ، هەروەها ئەم ستراتیژیەتە لە پێنج هەنگاوی یەك لەدوای یەك پێکدێت کەبریتین لە: ( پێشبینیکردن، ڕێکخستن ، گەڕان، پوختکردنەوە، هەڵسەنگاندن )

لەلایەکیتر ئاراستە کاردەکات لەئاراستەکردنی وەڵامدانەوەکانی تاك بەرانبەر کەسانیتر یان ئەو هەڵوێستانەی پەیوەندی بەئامادەباشی ئەقڵی دەمارگیریەوە هەیە ، بەجۆرێك ئاراستە دەگوازرێتەوە و فێری دەبین ، بۆیە گرنگیدان بەشێوازی فێربوونی ئاماژەیە بۆ گرنگی ئەم بابەتە لەم سەردەمە هەروەها هەڵسەنگاندنی ئاراستەکان وەك هەر پرۆسەیەکی هەڵسەنگاندن یارمەتیدەر دەبێت لەسەر دیارکردنی شێوەی کۆتایی ئەو وەڵامدانەوانەی کەلای تاکەکانەوە ئاراستە دەکریت بەرانبەر بەبابەتە جۆراوجۆرەکان. ( الحريرى، ٢٠٠٧، ل٦٣ )

هەڵبەتە خوێندن و چالاکیەکانی فێرکردن و فێربوونی ئەدەب گیانی ڕاهێنان و بنچینەیەتی لای قوتابی دەوروژێنێ و ڕەگی دادەکوتێ ، گەشە بەمەیل و ئارەزووی دەدات بۆ خوێندنەوە و وەرگرتن و هەبوونی کارامەییەکانی خوێندنەوە بۆئەوەی بەم کارامەییانە کارا و کاریگەر هامشۆ و سەرەدەری لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتە خوێنراوەکان بکات. ( محمد، ٢٠١٥، ل٧ )

بیگومان بەکارهێنانی ئەو ستراتیژیەت و ڕێگایانەی وانەوتنەوە کەقوتابی تێیدا تەوەری سەرەکیە زیاتر و فراوانتر حەز و مەیلی قوتابی بۆ فێربوونی بابەتەکان بەتایبەت بابەتی ئەدەب زیاتر دەکات ئاراستەیان لەبەرانبەر فێربوونی ئەم بابەتە زیاتر دەبێت ، بۆیە لێرەدا ئەرکی مامۆستایە ئەو ڕێگا و شێواز و ستراتیژیەتانە هەڵبژێرێت کە وا لەقوتابی دەکات حەز لەفێربوون و فێرکردن بکەن و پشت بەخۆیان ببەستن و هەوڵی ئەوە بدەن خۆیان خۆیان فێربکەن لەو کێشانەی دێتە ڕییان یان لە هەڵوێستە فێرکاریانەی دێتە پێشیان بەتایبەت بابەتی ئەدەب.

کەواتە بەکارهێنانی ستراتیژیەتی POSSE لەپرۆسەی فێرکردن و فێربووندا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بەو پێیەی قوتابی دەبێتە تەوەری سەرەکی پرۆسەی فێربوون ئەمە لەلایەك لەلایەکیتر بەکارهێنانی ئەم ستراتیژیەتە لەبابەتی ئەدەب وا دەکات قوتابی ئاراستەیان بەرانبەر بەخویندنی ئەم بابەتە ڕوون بێت بەتایبەت بۆ قۆناغی حەوتەم کە یەکێکە لەسێ پۆلە کۆتاکانی قۆناغی بنەڕەتی و یەکەم قۆناغە کە ئەدەب وەك بەشێکی سەرەکی دەخوێنرێت.

ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی POSSE ە لەگەشەپێدانی ئاراستەی قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لەبەرانبەر بابەتی ئەدەبی کوردی.

گریمانەی توێژینەوە:

بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوە پێویستە چەند گریمانەیەك دابرێژین، لەوانە:

١. جیاوازی مانادارى ئاماری بوونی نیە لەئاستی ( ٠,٠٥ ) لەنێوان ناوەندەژمێری نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری کە وانە بەستراتیژیەتی POSSE وەردەگرن و گروپی کۆنترۆڵکار کەوانە بەڕێگای ئاسایی دەخوێنن لەتاقیکردنەوەی پاشی پێوەری ئاراستەدا.
٢. جیاوازی مانادارى ئاماری بوونی نیە لەئاستی ( ٠,٠٥ ) لەنێوان ناوەندەژمێری جیاوازی نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری لەتاقیکردنەوەی پێشی و پاشی پێوەری ئاراستە کە وانە بەستراتیژیەتی POSSE وەردەگرن.
٣. جیاوازی مانادارى ئاماری بوونی نیە لەئاستی ( ٠,٠٥ ) لەنێوان ناوەندەژمێری جیاوازی نمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکار لەتاقیکردنەوەی پێشی و پاشی پێوەری ئاراستە کە وانە بەڕێگای ئاسایی وەردەگرن.

سنووری توێژینەوە:

١. قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لەقوتابخانەی ( وەنەوشە )ی بنەڕەتی سەر بەپەروەردەی ناوەندی هەولێر.

٢. وەرزی دووەم بۆ ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٢_٢٠٢٣ ) لەڕێککەوتی ( ١٩ / ١ / ٢٠٢٣ ) تا ( ١٦ / ٢ / ٢٠٢٣ ).

٣. بابەتەکانی ( ئەحمەدی نالبەند ، مەلا ئەنورێ مایی ، عەبدولواحد نوری ، ئیبراهیم ئەحمەد (بلە) ) لەبەشی ئەدەبی پەرتوکی خوێندنی ( زمان و ئەدەبی کوردی )ی بڕیاردراو بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لەقوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان / عیراق بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢ – ٢٠٢٣.

دیاریکردنی زاراوەکان:

**١. ستراتیژیەتی POSSE:**

**- ( دایرسون، ٢٠٠٤ ):**

کۆمەڵێك پرۆسەیە یارمەتی قوتابی دەدات لەدۆزینەوەی بۆچوونی سەرەکی لەو دەقەی گوێی لێدەبێت یان دەیخوێنێتەوە ، پاشان فێربوونی چۆنیەتی خویندنەوەی پەسەندکراو لەسەر باوەڕبەخۆبوون و کارلێك لەگەڵ دەقی خوێندراو. ( سلمان، ٢٠١٦، ل٣٠٤ )

**- ( صايمة والكومى، ٢٠٢٠ )**

کۆمەڵێك ڕێ و شوێن و پیادەکردنە کەمامۆستا لەپۆل بەکاریدەهێنێ و لەچەند هەنگاوێك پێکدێت، وەك: پێشبینیکردن، ڕێکخستن، گەڕان، کورتکردنەوە، هەڵسەنگاندن، پرۆڤە ، گەڕانەوە. ( صايمة والكومى، ٢٠٢٠، ل٢١٨ )

**- ( فرج واخرون، ٢٠٢١ )**

بریتیە لەکۆمەڵێك هەنگاو کەمامۆستا لەپۆل جێبەجێی دەکات و لەچەند هەنگاوێك پێکدێت، وەك: ( پێشبینیکردن ، ڕێکخستن ، گەڕان ، کورتکردنەوە ، هەڵسەنگاندن ) لەگەڵ قۆناغەکانی ( خستنەڕوو ، ڕاهێنانی ئاراستەکراو ، ڕاهێنانی سەربەخۆ ) ، ئامانج تیایدا وەرگرتنی ناوەڕۆکی وانە و گەڕاندنەوە و کورتکردنەوەیەتی. ( فرج واخرون، ٢٠٢١، ل٦٩٥ )

کەواتە دەکرێ پێناسەی بکەین بەوەی کە ستراتیژیەتێکی فێرکاریە ئامانج تیایدا فێربوونی قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتیە بەبەکارهینانی ستراتیژیەتی POSSE لەناوەڕۆکی بابەتەکانی ئەدەبی کوردیدا.

## ٢. ئاراستە:

- **( أبوجادو، ٢٠٠٦ ):**

ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێك بۆچوون هەست درککردن و بیروباوەڕ دەربارەی بابەتێك و ڕەفتاری تاك ئاراستە دەکات و هەڵوێستی لەو بابەتە دیاردەکات. ( أبو جادو، ٢٠٠٦، ل١٩١ )

- **( زیتون، ٢٠١٠ ):**

ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێك پێکهاتەی مەعریفی و هەڵچوونی و ڕەفتاری کەپەیوەندی بەوەڵامدانەوەی قوتابی هەیە لەبەرانبەر ڕووداوێك یان بابەتێك یان هەڵوێستێك. ( زیتون، ٢٠١٠، ل١٣٩ )

- **( صالح، ٢٠١٤ ):**

ئامادەباشیەکی ویژدانی وەرگیراوی جێگیری ڕێژەییە کە هەستکردنی تاك و ڕەفتاری دیاردەکات لەبەرانبەر بابەتە دیاریکراوەکان بەجۆرێك بەباشی دەزانێت یان بەباشی نازانێت. ( صالح، ٢٠١٤، ل١٢ )

تویژەر پێناسەی دەکات کە: ئەو نمرەیەیە کە قوتابی بەدەستی دەهێنێت لەمیانی وەڵامدانەوەی بڕگە و دەستەواژەکانی پێوەر.

## لایەنی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو

### تەوەری یەکەم: لایەنی تیۆری

### یەکەم: ستراتیژیەتی POSSE

لەم سەردەمەی دواییدا کۆمەڵێك فەلسەفەی نوێ دەرکەوت کەهەریەکەیان بنەمایەك بوون بۆ ڕێگاکانی وانەوتنەوەی جۆراوجۆر کەچەند ستراتیژیەتێك و نموونەی فێرکاری جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، بیردۆزی بنیاتنەرانە لەسەر ئەم فەلسەفەیە دامەزراوە ، ئەگەر ڕووەك خۆراك خودی خۆی پەیدابکات ئەوا باشترینە مرۆڤ ( قوتابی ) خودی خۆی مەعریفە بەدەستبهێنێت ، هەروەها وتەیەکی پەروەردەیی دەڵێ: ( گوێملێبێت لەبیرمدەچێت ، ببینم بیرمدێتەوە ، کاربکەم تێدەگەم ) کەئەم بەشەی کۆتایی بەدڵی بنیاتنەرانە دادەنرێت بەواتای فێرکردن لەپێناو تێگەیشتن. ( الفتلی، ٢٠٢١، ل٤٠٤ )

لەم چوارچێوەیە تافروڤا ( Tafrova, ٢٠١٢ ) پێناسەی بیردۆزی بنیاتنەرانە دەکات بەوەی بیردۆزێکی مەعریفیە لەسەر ئەو گریمانەیە کە خەڵك مەعریفە و کارامەیی و ئاراستەیان لەجیهان وەردەگرێت بنیاتدەنرێت لەمیانی تێپەڕبوون بەژمارەیەك ئەزموون و کەرەسە و بیرکردنەوە لەو ئەزموونە، بۆیە ناکرێ مەعریفە لەکەسێك بۆ کەسێکیتر بگوازرێتەوە و هەر

ئەو بیردۆزە مەعریفەی نوێ لەسەر بمهنەمای مەعریفەی پێشوو دروستکردووە و ئەزموونی ژیانی کەسی لەئەنجامی چالاکی ئامانجدار اەحالەتێکی دیاریکراو. ( حبیب، ٢٠١٥، ل١١ )

لەلایەکیتر ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی لەسیستەمی فێرکردن ڕوویدا بووە هۆی ئەوەی مامۆستایان بگەڕێن بەدوای ستراتیژیەتی فێربوونی چالاك ئەمە بۆ باشکردنی شێوازەکانی وانەوتنەوە و پێشخستنی و گرنگیدان بەم چەمکە سەرەکیانەی قوتابی واپەروەردە دەکات کەببێتە بەشێکی دانەپراوە و دانەپڕێت لەبنیاتی مەعریفی و ئەقڵی خۆی، ئەمە پێویستی بەپرۆسەی پێشخستنی فێربوون هەیە لای قوتابی و گرنگیدانی مامۆستا و قوتابخانە بەقوتابی بەشێوەیەکی سەرەکی و ڕاهێنانی قوتابی و فێرکردنی ڕێگای بیرکردنەوەی دروست لەوەرگرتنی زانیاری ( أبو السعود، ٢٠١٨، ل١٤ )، بۆیە لەسەر مامۆستایە ئەو ستراتیژیەتانەی وانەوتنەوە بەکاربهێنێت کەکۆمەڵێك ڕێگای وانەوتنەوە لەخۆبگرێت و یارمەتی قوتابی بدات لەوەرگرتن و تێگەیشتن، لەم ڕێگایانەش ستراتیژیەتی POSSEە، هەروەها ئەم ناوی ئەم ستراتیژیەتە لەکورتکراوەی وشەکانی ( Predict, Organize, Search, Summarize, Estimate )وەرگیراوە کە بەواتای ( پێشبینیکردن ، ڕێکخستن ، گەڕان ، کورتکردنەوە ، هەڵسەنگێنە ) دێت. ( الفتلی، ٢٠٢١، ل٤٠٦ )

ئەم ستراتیژیەتە بەیەکێك لەستراتیژیەتە مەعریفیە نوێکان دادەنرێت دانراوە لەپێناو کاراکردنی مەعریفەی پێشووی قوتابی بەبابەتێکی دیاریکراو و بەستنەوەی بەزانیاریە نوێکان لەو دەقەی دەیخوێنیتەوە لەهەمان بابەت ، ئەمە ستراتیژیەتێکی جۆراوجۆرە یارمەتی قوتابی دەدات لەکاراکردنی وانیاری پێشووی و هانیدەدات لەسەر ڕێکخستنی بۆچوونەکانی. ( فرج واخرون، ٢٠٢١، ل٦٩٢ )

**هەنگاوەکانی ستراتیژیەتی POSSE:**

١. پێشبینیکردن: لێرەدا قوتابی هەڵدەستێت بەخوێندنەوەی دەقەکە یان پێشبینی ئەو نەخشەیە دەکات کە لەکتێبەکەدا هەیە و پێشبینی ناونیشانی وانەکە و ئەوەی کەلەم وانەیە وەریدەگرێت دەکات.
٢. ڕێکخستن: لێرەدا قوتابی هەڵدەستێت بەڕێکخستنی زانیاریەکان و گێرانەوەی بۆچوونەکان کەپێشبینی دەکات و دایدەنێت لەشێوەی نەخشەیەکی مەعریفی.
٣. گەڕان: قوتابی هەڵدەستێت بەگەڕان بەڕێگایەکی گونجاو دەربارەی ئەو شتانەی کەپێشتر دیاریکردووە، لێرەدا قوتابی بەرپرسیاردەبیت لەوەی فێری دەبێت و لەو زانیاریانەی کەهەیە دیاریدەکات.
٤. کورتکردنەوە/پوختکردنەوە: قوتابی هەڵدەستێت بەکورتکردنەوەی بۆچوون و زانیاریەکان کەدۆزیتیەوە لەمیانی گەڕان ، لێرەدا قوتابی ئەو بابەتە زانستیە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك کورتدەکاتەوە.
٥. هەڵسەنگاندن: لێرەدا مامۆستا نەخشەیەکی مەعریفی دەخاتەڕوو کەقوتابیەکان پێی دەگەن و لەلایەن قوتابیانەوە هەڵدەسەنگێنرێت ، هەروەها زانیاریە دروستەکان کەکورتکراونەتەوە هەڵدەبژێردرێت و دەخرێتەڕوو. ( أبو شنب، ٢٠١٩، ل٣١-٣٢ ) ، ( الصیداوی، ٢٠١٥، ل١٠ ) ، ( Jameel, ٢٠١٧, p١٢٤ )

**تایبەتمەندی جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی POSSE:**

١. وادەکات قوتابی کارا بێت و وەڵامەکانی ڕوون و ئەرێنی و ڕێکوپێك بێت بۆ فێربوون.
٢. قوتابی ڕادێت لەسەر بەشداریکردنی بۆچوونەکان بۆ سوودوەرگرتن لەکارەکانی تر لەمیانی پێشخستنی بۆچوونەکان و بنیاتنانیان.
٣. گەشە بەکارامەیی قوتابی دەدات لەپێشکەشکردنی ئەو پرسیارانەی ئاراستەی دەکرێن لەمیانی وانەکەدا.

٤. گەشە بەکارامەیی بیرکردنەوە دەدات لای قوتابی بەتایبەتی بیرکردنەوەی پێشبینیکردن.
٥. هاندانی قوتابی لەسەر دیاریکردنی بۆچوونەکان لەمیانی ئەو وێنانەی دەیبینێت. ( عبد، ٢٠١٩، ل٢٥٨ ) ، ( Aprilia, ٢٠١٥, p.٢٨-٢٩ )

## ڕۆڵی مامۆستا لەکاتی بەکارهێنانی ستراتیژیەتی POSSE:

١. هانی قوتابیان دەدات کەخەیاڵیان بەکاربهێنن و گوزارشت لەبۆچوونەکانیان بکەن بەئازادی و پێشبینی بکەن دوای هەر هەنگاوێك لەهەنگاوەکانی جێبەجێکردنی وانەکە.
٢. ڕاهێنان بەقوتابی دەکات لەبەکارهینانی پرسیارە هاندەرە پاڵپشتیکراوەکان لەیاریکردنی بۆچوونە گشتیەکان لەوەی کەفێری دەبن.
٣. هانی قوتابیان دەدات لەسەر کاری هاوکاری و گۆڕینەوەی بۆچوون دوور لەلایەنگیری ڕەخنەی نەرێنی لەبۆچوونی یەکتری.
٤. وەڵامی پرسیاری قوتابیان و بۆچوونەکانیان دەداتەوە و بۆچوونە داهێنەرانەکانیان وەردەگرێت.
٥. کاردەکات لەسەر ڕێکخستنی کاتی فێرکردن و دابینکردنی دەرفەتی ڕاهێنانی گونجاو.
٦. ڕاهێنان بەقوتابیەکان دەکات لەسەر بەکارهێنانی گەڕانی زانستی بۆ دۆزینەوەی ئەو بۆچوونە گشتیانەی کەدیاریکردووە.
٧. ڕاهێنان بەقوتابیەکانی دەکات لەسەر ڕێکخستنی کورتکراوەکان ئەوەی لەمیانی گەڕان دۆزیویەتەوە.
٨. پێدانی دەرفەت بەقوتابیان بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانیان و کاری هاوکارانی. ( أبو السعود، ٢٠١٨، ل١٨ )

## ڕۆڵی قوتابی لەکاتی بەکارهێنانی ستراتیژیەتی POSSE:

١. پاڵپشتی لەگفتوگۆکان دەکات لەنێوان خۆی و هاوڕێکانی.
٢. دەگەڕێت و زانیاری دەدۆزێتەوە لەمیانی ئەوەی دەیبینێت لەوێنەکان لەمیانی وانەکەدا.
٣. هاوکارە و ڕیز لەبۆچوونی ئەوانیتر دەگرێت.
٤. پێشبینی بەزانیاریەکانی دەکات و زانیاری گونجاو بەدەستدەهێنێت.
٥. پابەندی ڕێکخستن و وردیە لەچارەسەریەکانی. ( أبو شنب، ٢٠١٩، ل٣٤ )
٦. ئەوەی دەگونجێت لەپێکهاتەکانی ئەم ستراتیژیەتە هەڵیدەبژێرێت بۆ ئەوەی مامەڵەی لەگەڵدا بکات. ( أبو السعود، ٢٠١٨، ل١٩ )

## قۆناغەکانی جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی POSSE:

یەکەم: قۆناغی پێشکەشکردنی ستراتیژیەتی POSSE:

١. پێشبینیکردن: مامۆستا ناونیشان یان ڕستەی سەرەکی لەدەقەکە بەدەنگیکی بەرز دەخوێنێتەوە، پاشان ڕوو لەقوتابیەکان دەکات بۆئەوەی بۆچوونەکانیان بخەنەڕوو و پێشبینی ئەو بۆچوونانەی کەدانەری دەقەکە دەیگێڕێتەوە، دوای ئەوە مامۆستا تێبینیەکانی دەربارەی پێشبینیەکان لەسەر تەختە دەنووسێت.
٢. ڕێکخستن: مامۆستا بۆچوونی قوتابیەکان دەخاتەڕوو و بەشێوەی نەخشەیەکی مەعریفی دەینووسێت و داوا لەقوتابی دەکات نموونەیەکی مانادار لەسەر چۆنیەتی زیادکردنی وشە پۆلێنکراوەکان بکات لەنەخشەی مەعریفیەکە و پاشان

ناونیشان یان ڕستە لەدەقەکە بەشێوەی ئاماژە لەسەر شێوەکانی دەقەکە پێشکەش بکات و مامۆستا شێوەی دەقی پێشبینیکراو ڕوونبکاتەوە بەشێوەی هێڵکاری.

٣. گەڕان: مامۆستا کۆپیەك لەدەقەکە دابەشی سەر قوتابیەکانی دەکات و ئەوانیش بەدەنگێکی بەرز دەیخوێننەوە پاشان مامۆستا گفتوگۆ دەربارەی پێشبینیەکانی قوتابیان و ئەوەی ڕێککەوتوون لەسەری دەخاتەڕوو لەو بۆچوونانەی لەدەقەکەدا هەیە و جەخت لەسەر ئەو پرۆسەیە دەکات هەروەك کاردەکات لەسەر پێشبینیەکان لەسەر کاراکردنی هزری خوێنەر هەروەها شتێکی ئاساییە کەقوتابی شتێکی جیاواز پێشبینی بکات.

٤. کورتکردنەوە: قوتابی لێرەدا بۆچوونەکان دەربارەی دەقەکە دەخاتەروو، نموونەیەك لەسەر چۆنیەتی کارکردنی نەخشەی مەعریفی ئەوەی بۆچوونی دانەر لەخۆدەگریت دەخاتەڕوو ، پاشان مامۆستا قوتابیەکان ئاراستەدەکات لەدیاریکردنی بۆچوونە سەرەکیەکان بەمەش وشە و دەستەواژە گرنگەکانی بیردێتەوە و هەڵدەستێت بەوردبینیکردنی وشەکان و پێشکەشی دەکات بەیارمەتی قوتابیان نموونە ماناداڕەکان دەنووسێت بەشێوەیەکی دیار.

٥. هەڵسەنگاندن: قوتابیان نەحشەی مەعریفی یەکەمیان کەپێش خوێندنەوە دایاننابوو بەم نەخشەیەی ئێستا کەدوای خویندنەوەی دەقەکە هەیانبوو بەراوردی دەکەن ، هەروەها جەخت لەسەر ڕادەی گونجانی نێوان کورتکراوەکان و کورتراوەی دانەر دەکەن لەکۆتاییدا مامۆستا قوتابیان ئاراستەدەکات لەدووبارە تەماشاکردنی ناونیشان ڕستەی سەرەکی ئەمە بۆ زانینی ئەوەی ئەگەر ئاماژەکان پێویستی بەزانیاری هەبێت کەدانەر دایناوە یان نا. ( الصيداوی، ٢٠١٥، ل١١-١٢ )

دووەم: قۆناغی ڕاهێنانی ئاراستەکراو

١. پێشبینیکردن: مامۆستا ناونیشان و ڕستەی سەرەکی لەسەر تەختە دەنووسێت و قوتابیەکان ناونیشانەکە دەخوێننەوە بەدەنگێکی بەرز و پێشبینی بۆچوونەکان دەکەن کە لەم ناونیشانەدا سەرچاوە دەگرێت بەبێ یارمەتیدانی مامۆستا.

٢. ڕیکخستن: ڕێکخستنی قوتابیەکان لەگروپی دووانەیی و تاکەکانی هەڵدەستن بەڕێکخستنی بۆچوونەکان بەڕێگەی نەخشەی مەعریفی.

٣. گەڕان: مامۆستا کۆپیەك لەدەقەکە ( کارتی کار ) دابەشی سەر قوتابیەکانی دەکات و دەیخوێننەوە بەبێدەنگی بەپێی ئەو کاتەی دەستنیشانکراوە و هانی قوتابیەکان دەدات لەسەر تەماشاکردنی دەقەکە و دۆزینەوەی پێشبینیەکان و ئایا دەگونجێت لەگەڵ دەق و یارمەتی دەدات لەسەر چالاککردنی هزری خوێنەر و زیادبوونی پاڵنەری.

٤. کورتکردنەوە: قوتابیەکان هەڵدەستن بەپیکهێنانی نەخشەیەکی مەعریفی بۆ بۆچوونەکانی دانەری دەقەکە پاشان ئەم گروپە دووانەییانە هەڵدەستن بەپێکهێنانی ڕستە یان دوو ڕستە کە بۆچوونە سەرەکیەکە لەخۆدەگرێت.

٥. هەڵسەنگاندن: قوتابیەکان بەراوردی نەخشەی مەعریفی پێش ئەنجامدانی خوێندنەوە و دوای ئەنجامدانی دەکەن و هەر گروپێك کارتی کارەکانیان ئاڵوگۆڕدەکەن بۆ زانینی جیاوازی ڕوانگەیان ، لەژێر ڕۆشنایی ئەم بەراوردکاریە دیاردەکەن کەدەقەکە ئاسانە یان زەحمەتە و ئایا ناونیشان ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکە یاخود نا. ( الفتلی، ٢٠٢١، ل٤٠٧-٤٠٨ )

سێیەم: قۆناغی ڕاهێنانی سەربەخۆ

١. هەنگاوەکانی یەکەم و دووەم لەخۆدەگرێت ( پێشبینیکردن ، ڕێکخستن ) ئەم بەشە جێبەجێدەکرێت لەناو پۆل بەڕێگایەك کەلەهەنگاوی یەکەم گفتوگۆی لەسەر کرایێت.
٢. هەنگاوەکانی ( گەڕان ، کورتکردنەوە ، هەڵسەنگاندن ) لەخۆدەگرێت و قوتابی لەدەرەوەی قوتابخانە جێبەجێی دەکات ( چالاکی ماڵ ). لەجێبەجێکردنی هەردوو بەشەکەدا قوتابی هەڵدەستێت بەتەنها بەشیوەی سەربەخۆ ڕێوشوێنەکان دەنووسێت بەشێوەی نووسراو پێشکەشی مامۆستای دەکات، دوای ئەوە بۆچوونەکان ئاڵوگۆڕدەکەن و پێشنیاز دەخەنەڕوو لەچۆنیەتی چاککردنی دەقەکە. ( عطية، ٢٠٠٩، ل١٠٠ )

## دووەم: ئاراستە

توێژینەوە دەربارەی ئاراستەکان پێگەیەکی بەرچاوی هەیە لەپەروەردە و فێرکردن و توێژینەوە کەسیەکان و کارە بەکۆمەڵەکان و گەیاندن و پەیوەندیە مرۆڤایەتیە گشتی و تایبەتیەکان ، ئەمە بەگرنگترین ئەنجامەکانی پرۆسەی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی دادەنرێت هەروەها بەئاراستە ڕێکوپێکە دیاریکراوەکان دادەنرێت لەڕەفتاری کۆمەڵایەتی ، لەمیانی گەشەی تاك ئاراستە بەرانبەر تاك و کۆمەڵە و دەزگا و هەڵوێست و بابەتە کۆمەڵایەتیەکان پێکدێت ، هەموو ئەمانە لەبواری ژینگەی تاك دەبێت. ( ملحم، ٢٠٠١، ل١٦٢ )

ئاراستە وەك هێڵێکی ڕاست وایە و لەدوو خاڵ پێکدێت یەکێکیان ئەوەڕی قەبوڵکردنە و ئەویتریش ئەوپەڕی ڕەتکردنەوەیە بۆ بابەتێك و نێوانیان دابەشی نیوە دەکرێت ئەم نیوەیە پلەبەپلە بەرەو زیادبوونی قەبووڵکردنەکە یان دوورکەوتنەوە لەم زیادیە و نیوەکەیتریش بەرەو ڕتکردنەوە. ( أبومغلی واخرون، ٢٠٠٢، ل١٥٠ )

زۆرجار ئاراستە دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەری وەرگیراو لەڕەفتاری مرۆڤەکان، ئەمە بەواتای پێکهێنانی مرۆڤە و بۆماوە نیە و وەردەگیرێت لەمیانی ئەزموون مومارەسە ، بەواتای لەمیانی فێربوون ، لەزۆربەی کاتەکان مامۆستا هەندێ ئاراستەی ئەرێنی یان نەرێنی لەبەرانبەر پرۆسەیەکی فێربوون دەبێت بەمە هەوڵی دۆزینەوەی ئەم دوو جۆرە لای قوتابی دەدات بۆئەوەی پاڵپشتی ئاراستە ئەرێنیەکان لەلایان بکات و کاربکات لەسەر ڕزگاربوونیان لەئاراستەی نەرێنی و گۆڕینیان بۆ ئاراستەی ئەرێنی. ( الزيود واخرون، ١٩٩٩، ل١١٣ )

## جۆرەکانی ئاراستە:

١. ئاراستەی کۆ: ئەم ئاراستەیە تاك بەرە شتێك دەبات بەواتای ئەرێنییە.
٢. ئاراستەی کەم: ئەم ئاراستەیە بەسەر تاك سەردەکەوێت دوور لەشتێکی تر بەواتای نەرێنییە.
٣. ئاراستەی بەهێز: ئاراستەی بەهێز لەهەڵوێستی تاك لەئامانجی ئاراستەکە دەبێت بەهەڵوێستێکی بێلایەن ، ئەوەی شتێکی نەویستراو ببینێت لاوازدەبێت و هەوڵی تێکشکانی دەدات ئەمە بەهۆی بوونی ئاراستەیەکی بەهێزی تیژ زاڵ دەبێت بەسەر دەروونی.
٤. ئاراستەی لاواز: خۆی دەبینێتەوە لەوەستانی تاك لەهەڵوێستێکی لاواز چونکە هەست بەتوندی ئاراستەکە ناکات وەك ئەوەی تاك لەئاراستەی بەهێز هەستی پێدەکات. ( السليتی، ٢٠٠٨، ل٢٩٥ )
٥. ئاراستەی ئاشکرا و نهێنی: لەم ئاراستەیە تاك هیچ شەرمێك لەدەرخستن و گفتوگۆکردن لەبارەیەوە ناکات هەرچی ئاراستەی نهێنیە ئەوا تاك هەوڵی شاردنەوەی لەکەسانیتری دەدات و پارێزگاری لەپریاری خۆی دەکات و زۆرجار ڕەتیدەکاتەوە کاتێ پرسیاری لێدەکرێت.

٦. ئاراستەی گشتی: خۆی لەگشتی دەبینێتەوە توێژینەوەکان ئاماژە بەبوونی ئاراستەی گشتی دەدەن و ئەو خراوەتەڕوو کەئاراستەی سیاسی بەشێوەیەکی گشتگیرە و تێبینیکراوە کەئاراستەی گشتی باوترین و جێگیرترە لەئاراستەی جۆری.
٧. ئاراستەی جۆری ئەم ئاراستەیە پەیوەندی بەلایەنی خودیەوە هەیە ، ئەم ئاراستەیە لەسەر ڕێچکەیەکە دەیتگەیەنێت بەکرۆکی ئاراستەی گشتی، بەمەش ئاراستەی جۆری پشت بەگشتی دەبەستێت و پاڵنەری لەو وەردەگرێت. ( مجید، ٢٠١٤، ل٣٤٢ )

**گرنگی ئاراستە:**

١. کارایی و بۆچوون دەربارەی بابەتێك یان بۆچوونێك یان کەسێك دیاردەکات.
٢. مومارەسەی تاك لەمیانی ژمارەیەك چالاکی وەك ( پەیوەندیکردن ، کێبڕکێ ، هاوکاری ، کارلێك ).
٣. یارمەتی لەبڕیاردان دەربارەی شتێك دەدات لەهاوسەنگی و ڕێکخستن.
٤. یارمەتی ڕێکخستنی زانیاری تاکەکان دەدات بەڕێگەیەك تێگەیشتنی ئاسان بێت.
٥. تاکەکان تایبەتمەندی پەروەردەیی دروست وەردەگرێت. ( فنونە، ٢٠١٢، ل٥٧ )

**تایبەتمەندی ئاراستە:**

- وەرگیراوە و بۆماوە نیە و لەگەڵ تاك لەدایکبووە بەڵکو ڕێکدەخرێت لەمیانی ئەزموون.
- کۆمەڵایەتیە و کار لەپەیوەندی تاك لەهاوکارەکانی دەکات و بەپێچەوانەشەوە.
- پێشبینی بەڕەفتار دەکات لەبەرئەوەی کاردەکات وەك ئاراستەکەر بۆ ڕەفتار و خودیە زیاتر وەك ئەوەی بابەتی بێت.
- شایەنی پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنە.
- وەسفدەکرێت لەجێگیری و بەردەوامی ڕێژەیی و قابیلیەتی چاککردن و گۆڕانی هەیە.
- ڕوونەدات لای تاك لەبەرانبەر ڕاستیە جێگیرەکان بەڵکو هەردەم بەرانبەر ئەو بابەتانە دەبێت کەقابیلی گفتوگۆن.
- کارگەردەبیت بەئەزموونی تاك کاری لێدەکات چونکە لەئەنجامی ئەزموونەوە. ( ملحم، ٢٠٠١، ل١٦٣ )
- ئاراستەکان دیاریکراو و گشتین.
- ئاراستەکان دەکەونە نێوان دوو لایەن بەرانبەر وەکو پاڵپشتیکەر و دژ یان ئاراستەی نەرێنی و ئەرێنی.
- خواستی تاکەکەسی و بەشێك لەڕۆشنبیری کۆمەڵگا پێکناهێنێ و دەکرێ بشاردرێتەوە.
- هەندێ لەئاراستەکان لەڕەفتاری تاکەکان دەردەکەوێت کەگوزارشتی پێدەکات بەوشە و دەربڕینی ڕێکخراو، هەروەها ژمارەیەکیتر لەڕەفتارەکانی تاك ناهەستین وەك زمان و هەندێ ڕەفتاریتر کەناڕێکخراون. ( قطامی و قطامی، ٢٠٠١، ١٤٦ )

تەوەری دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو

یەکەم: ئەو توێژینەوانەی کەستراتیژیەتی POSSE لەخۆدەگرن:

1. **توێژینەوەی ( الصیداوی، ٢٠١٥ )**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیەی لەشاری الوسطی وڵاتی فەڵەستین ئەنجامدراوە، زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتیPOSSE ە لەگەشەپێدانی کارامەیی تێگەیشتنی خوێندنەوە لای قوتابیانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی.

توێژەر دیزاینی ئەزموونی بەکارهێنا، سەمپڵی توێژینەوە پێکهاتبوو لە(٨٠) قوتابی بەجۆرێك (٤٠) قوتابی لەگروپی ئەزموونگەری و (٤٠) قوتابی تریش لەگروپی کۆنترۆڵکار، توێژەر هاوسەنگی نێوان گروپەکانی دەرکرد، بۆ بەدیهێنانی ئامرازی توێژینەوە توێژەر تاقیکردنەوەی کارامەییی تێگەیشتنی خوێندنەوەی ئامادەکرد کە لە(٣٠) بڕگە پێکدێت و توێژەر هەڵسا بەئەنجامدانی ڕێبەری مامۆستا ، توێژەر دروستی و جێگیری بۆ بڕگەکانی تاقیکردنەوەکە دەرکرد بەبەکارهێنانی هاوکۆلکەی پەیوەنداری پێرسۆن، هەروەها ئەنجامی توێژینەوەکەی دەرکرد بەبەکارهێنانی هەگبەی ئاماری (SPSS) و ئەنجامەکان بەم شێوەیە بوون:

- بوونی جیاوازی ماناداری ئاماری لەئاستی (٠,٠٥) لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری کەوانەیان بەستراتیژیەتیPOSSE خوێند و ناوەندەنمرەی گروپی کۆنترۆڵکار کە وانە بەڕێگای ئاسایی دەخوێنن لەکارامەیی تێگەیشتنی خوێندنەوە و ئاستەکانی: تێگەیشتنی پیت ، تێگەیشتنی بەرهەمهێنراو ، تێگەیشتنی ڕەخنەیی ، تێگەیشتی چێژی ، تگەیشتنی داهێنەرانە و لەبەرژەوەندی تاکەکانی گروپی ئەزموونگەری.

لەکۆتاییدا توێژەر کۆمەڵێك پێشنیاز و ڕاسپاردەی خستەڕوو وەك بەکارهێنانی ئەم ستراتیژیەتە لەسەر ئاستی فراوانتر لەسەمپڵی توێژینەوە و هاوکاری مامۆستایان لەدووبارە داڕشتنەوەی بەرنامەی بەکارهێنانی ئەم ستراتیژیەتە لەخوێندنی وانەکاندا و کردنەوەی خولی ڕاهێنانی مامۆستایان لەبەکارهێنانی ئەم ڕێگایە و دوورکەوتنەوە لەبەکارهێنانی ڕێگای ئاسایی. ( الصیداوی، ٢٠١٥، ل ج-ح )

## ٢. توێژینەوەی ( أبو السعود، ٢٠١٨ ):

ئەم توێژینەوەیە لەشاری رەفح لەوڵاتی فەڵەستین ئەنجامدراوە، ئەمانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی POSSE لەسەر گەشەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوەی تێرامان لەبابەتی زانست و ژیان لای قوتابیانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی لە غەززە.

توێژەر دیزاینی وەسفکردن و دیزاینی ئەزموونی بەکارهێنا بۆ دوو گروپی بەکارهێنا ( ئەزموونگەری، کۆنترۆڵکار )، سەمپڵی توێژینەوە لە(٧٦) قوتابی پێکهاتبوون بەجۆرێك (٣٨) قوتابی لەگروپی ئەزموونگەری و (٣٨) قوتابی لەگروپی کۆنترۆڵکار لەقوتابیانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی لەرەفح بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٧ – ٢٠١٨ )، بۆ بەدیهێنانی گریمانەکانی توێژینەوە توێژەر دوو ئامرازی ئامادەکرد، یەکەمیان: ڕێبەری مامۆستایان لەسەر بنەمای بەکارهێنانی ستراتیژیەتی POSSE و تاقیکردنەوەی کارامەیی بیرکردنەوەی تێرامان، توێژەر دروستی و جێگیری بەبەکارهێنانی هاوکێشەی پەیوەندکاری پێرسۆن و ئامرازی کیودر ریتشاردسۆن ٢٠ و هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکانی هەردوو ئامرازەکەی و ئەنجامی توێژینەوەکەی دەرهێنا بەبەکارهێنانی هەگبەی ئاماری (SPSS)، لەکۆتاییدا توێژەر گەیشت بەو ئەنجامەی کە:

- جیاوازی ماناداری ئاماری لەئاستی (٠,٠١) هەیە لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری و بەراوردکردنی بەگروپی کۆنترۆڵکار لەجێبەجێکردنی پاشی لەتاقیکردنەوەی کارامەیی بیرکردنەوەی تێرامان و لەبەرژەوەندی گروپی ئەزموونگەری.

- ستراتیژیەتی POSSE کاریگەری لەگەشەپێدانی بیرکردنەوەی تێرامان بەدیدێنێت لای قوتابیانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی لەبابەتی زانست و ژیان.

لەکۆتاییدا توێژەر کۆمەڵێك پێشنیاز و ڕاسپاردەی خستەڕوو لەوانە بەکارهێنانی کاریگەری ستراتیژیەتی POSSE لەسەر سەمپڵی فراوانتر و هاوکاری مامۆستایان لەهەمان بابەتدا لەداڕشتنەوەی بەرنامەیەك بەبەکارهێنانی ستراتیژیەتی POSSE و چەند ڕاسپاردەیەکیتر. ( أبو السعود، ٢٠١٨، ل ب )

### ٣. ( توێژینەوەی أبو شنب، ٢٠١٩ )

ئەم توێژینەوەیە لەشاری غەزەی وڵاتی فەلەستین ئەنجامدراوە، ئامانجی ئەم توێژینەوە زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی POSSEە لەگەشەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەبابەتە کۆمەڵایەتیەکان لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی.

توێژەر دیزاینی ئەزموونی بەکارهێنا ( ئەزموونگەری، کۆنترۆڵکار )، سەمپڵی توێژینەوە پێکدێت لە(٧٢) قوتابی بەجۆرێك (٣٦) قوتابی لەگروپی ئەزموونگەری و (٣٦) قوتابی لەگروپی کۆنترۆڵکار لەقوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەقوتابخانەی حەمامەی بنەڕەتی کچان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٨ - ٢٠١٩ )، توێژەر هاوسەنگی نێوان گروپەکانی دەرکرد لە: ( تەمەنی قوتابی بەمانگ ، دەسکەوتی گشتی ساڵی خوێندن ، دەسکەوتی خوێندنی بابەتی کۆمەڵایەتی ، تاقیکردنەوەی پێشی کارامەیی بیرکردنەوەی داهێنەرانە ) ، بۆ جێبەجێکردنی ئەزموونی توێژینەوەکە توێژەر یەك ئامرازی ئامادەکرد ئەویش تاقیکردنەوەی کارامەیی بیرکردنەوەی داهێنەرانە، توێژەر دروستی و جێگیری بەبەکارهێنانی هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ و هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکانی ئامرازەکەی دەرهێنا و ئەنجامی توێژینەوەکەی دەرکرد بەبەکارهێنانی هەگبەی ئاماری (SPSS). لەکۆتاییدا توێژەر گەیشت بە:

- بوونی جیاوازی ماناداری ئاماری لەئاستی (٠,٠١) لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی هەردوو گروپی توێژینەوە لەجێبەجێکردنی پاشی بۆ تاقیکردنەوەی کارامەیی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەبابەتی کۆمەڵایەتی و لەبەرژەوەندی گروپی ئەزموونگەری.
- بوونی جیاوازی ماناداری ئاماری لەئاستی (٠,٠١) لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری لەجێبەجێکردنی پێشی و پاشی تاقیکردنەوەی کارامەیی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەبابەتی کۆمەڵایەتی و لەبەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشی.
- جیاوازی ماناداری ئاماری لەئاستی (٠,٠١) بوونی نیە لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری لەجێبەجێکردنی پاشی و بەدواداچوون (التتبعی) لەتاقیکردنەوەی کارامەیی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەبابەتی کۆمەڵایەتی و لەبەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشی.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئەنجامانە توێژەر کۆمەڵێك پێشنیاز و ڕاسپاردەی خستەڕوو لەوانە پێویستی بەکارهێنانی ئەم ستراتیژیەتە بەشێوەیەکی گشتی و تایبەت لەخویندنی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بەهۆی کاریگەری دیار و بەرچاوی لەگەشەپێدانی بیرکردنەوەی داهێنەرانە و پێویستی ڕاهێنانی قوتابی لەسەر کارامەیی بیرکردنەوەی داهێنەرە جۆراوجۆرەکان و دوورکەوتنەوە لەڕێگای ئاسایی لەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان. ( أبو شنب، ٢٠١٩، ل د )

## دووەم: ئەو توێژینەوانەی کە ئاراستە لەخۆدەگرن

### ١. توێژینەوەی ( حمد سعید، ٢٠١٤ ):

ئەم توێژینەوەیە لەشاری هەولێر لەهەرێمی کوردستانی عیراق ئەنجامدراوە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی لەهەر چوار لاوە بۆ فێربوونی چالاك لەدەستکەوتن و پەرەپێدانی ئاراستەکردنی بابەتی ئەدەب لەزمانی کوردیدا لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی.

توێژەر دیزاینی ئەزموونی بەکارهێنا بۆ دوو گروپی ژمارە یەکسان ( ئەزموونگەری، کۆنترۆڵکار )، سەمپڵی توێژینەوە لە(٦٠) قوتابی پێکهاتبوون بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٣-٢٠١٤) بەجۆرێك (٣٠) قوتابی لەگروپی ئەزموونگەری و (٣٠) قوتابی لەگروپی کۆنترۆڵکار لەقوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی ، هەروەها توێژەر هاوسەنگی نێوان گروپەکانی لە: ( تەمەنی قوتابی بەمانگ ، نمرەی زیرەکی ، نمرەی ساڵی پاری بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی ، پێوەری ئاراستە بەرانبەر بابەتی ئەدەب ، ئاستی دەسکەوتی دایکوباوك ) ، بۆ بەدیهێنانی گریمانەکانی توێژینەوە توێژەر دوو ئامرازی ئامادەکرد، یەکەمیان تاقیکردنەوەی دەسکەوتی بابەتی لەجۆری هەڵبژاردە و لە ( ٣٩ ) پرسیار پێکهاتبوو ، هەروەها دروستی و جێگیری دەرکرد بەبەکارهێنانی ( هاوکۆلکەی پەیوەندکاری پێرسۆن ) ، ئامرازی دووەم بریتی بوو لەپێوەری ئاراستە بەرانبەر بابەتی ئەدەب و لە(٣٨) بڕگە پێکدێت پاشان دروستی و جێگیری دەرکرد بەبەکارهێنانی ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە و هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ و کیودر ریتشاردسون ٢٠ ، هەروەها ئەنجامی توێژینەوەکەی دەرهێنا بەبەکارهێنانی هەگبەی ئاماری (SPSS)، لەکۆتاییدا توێژەر گەیشت بەو ئەنجامەی کە:

- جیاوازی مانادارى ئاماری لەئاستی (٠,٠٥) بوونی هەیە لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری کەوانە بەستراتیژیەتی فێربوون لەهەر چوار لاوە دەخوێنن و گروپی کۆنترۆڵکار کەوانە بەڕێگای ئاسایی دەخوێنن و لەبەرژەوەندی گروپی ئەزموونگەری لەتاقیکردنەوەی دەسکەوتدا.
- جیاوازی مانادارى ئاماری لەئاستی (٠,٠٥) بوونی هەیە لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری و گروپی کۆنترۆڵکار لە تاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینەی گەشەپێدانی ئاراستەی قوتابیان بەرانبەر بەبابەتی ئەدەبی کوردی و لەبەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشینە.
- جیاوازی مانادارى ئاماری لەئاستی (٠,٠٥) بوونی هەیە لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری کەوانە بەستراتیژیەتی فێربوون لەهەر چوار لاوە دەخوێنن و گروپی کۆنترۆڵکار کەوانە بەڕێگای ئاسایی دەخوێنن لەئاراستەی قوتابیان بەرانبەر بەبابەتی ئەدەب لەتاقیکردنەوەی پاشی و لەبەرژەوەندی گروپی ئەزموونگەری.

لەکۆتاییدا توێژەر کۆمەڵێك پێشنیاز و ڕاسپاردەی خستەڕوو لەوانە بەکارهێنانی کاریگەری ستراتیژیەتی لەهەر چوار لاوە لەسەر سەمپڵی تر و بەکارهێنانی ئەم ستراتیژیەتە لەوانەوتنەوەی بابەتی ئەدەب و چەند ڕاسپاردەیەکیتر. ( حمد سعید، ٢٠١٤، ل ج – ح )

### ٢. توێژینەوەی ( شیخو، ٢٠١٥ ):

ئامانجی ئەم توێژینەوەی لەشاری هەولێری هەرێمی کوردستانی عیراق ئەنجامدراوە بریتیە لەزانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی K.W.L.H. لەدەسکەوت و ئاراستە بەرانبەر بابەتی جوگرافیا لای قوتابیانی پۆلی دەیەمی ویژەیی.

توێژەر دیزاینی گروپی ئەزموونی بەکارهێنا، کۆمەڵی توێژینەوە قوتابیانی پۆلی دەیەمی ئامادەیی بوون لەقوتابخانەکانی ناو شاری هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٤-٢٠١٥ )،

سەمپڵی توێژینەوە لە(٤٨) قوتابی پێکهاتبوون، گروپی ئەزموونگەری لە (٢٤) قوتابی و گروپی کۆنترۆڵکار لە (٢٤) ) قوتابی پێکهاتبوون، توێژەر هاوسەنگی نێوان گروپەکانی دەرکرد لەگۆڕاوەکانی وەك: (تەمەن، زانیاری پێشینە، نمرەی ساڵی پاری تاقیکردنەوەی قوتابیان لەبابەتی کۆمەڵایەتی، ئاستی خوێندنی دایك و باوك، نمرەی زیرەکی، تاقیکردنەوەی پێشی ئاراستە بەرانبەر بابەتی جوگرافیا).

توێژەر دوو ئامرازی توێژینەوەی ئامادەکرد، یەکەمیان تاقیکردنەوەی دەسکەوتی بابەتی لەجۆری هەڵبژاردە کە لە(٤٥) پرسیار پێکهاتووە ، ئاستی گرانی و هێزی جیاکردنەوە و دروستی دەرکرد هەروەها نەگۆری تاقیکردنەوەی دەرکرد بەبەکارهێنانی ( هاوکۆلکەی پەیوەندکاری پێرسۆن )، ئامرازی دووەم بریتی بوو لەپێوەری ئاراستە بەرانبەر بابەتی جوگرافیا کە لە (٣٩) برگە پێکهاتووە، توێژەر دروستی و نەگۆری برگەکانی دەرکرد بەبەکارهێنانی ( هاوکۆلکەی پەیوەندکاری پێرسۆن ) ، توێژەر ئەنجامی تاقیکردنەوەی دەرکرد بەبەکارهێنانی ( T.test ) لەڕێگەی هەگبەی ئاماری (SPSS) و گەیشت بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

- بوونی جیاوازی ماناداری ئاماری لەئاستی ( ٠,٠٥ ) لەنێوان ناوەندەنمرەی گروپی توێژینەوە کەوانەیان بەستراتیژیەتی .K.W.L.H وەرگرتووە و گروپی کۆنترۆڵکار کەوانە بەڕێگای ئاسایی وەردەگرن لەدەسکەوتی بابەتی جوگرافیا و لەبەرژەوەندی گروپی ئەزموونگەری.

- بوونی جیاوازی ماناداری ئاماری لەئاستی (٠,٠٥) لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی هەردوو گروپی توێژینەوە لەگەشەپێدانی ئاراستەیان بەرانبەر بابەتی جوگرافیا و لەبەرژەوەندی گروپی ئەزموونگەری کەوانە بەستراتیژیەتی .K.W.L.H.

لەکۆتاییدا توێژەر کۆمەڵێك پێشنیاز و ڕاسپاردەی خستەڕوو لەوانە بەکارهێنانی ستراتیژیەتی .K.W.L.H لەسەر سەمپڵی جیاوازتر و گۆڕاویتر و بەکارهێنانی ئەم ستراتیژیەتە لەلایەن مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان بەتایبەت مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا لەوانەکانیاندا و چەند ڕاسپاردەیەکیتریش. ( شیخو، ٢٠١٥، ل ج-ح )

### ٣. توێژینەوەی ( محمد، ٢٠١٥ ):

ئەم توێژینەوەیە لەشاری هەولێر لەهەرێمی کوردستانی عیراق ئەنجامدراوە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی پرسیارکردنی خودیە لەدەسکەوت و ئاراستە بەرانبەر بابەتی مێژوو لای قوتابیانی پۆلی دەیەمی وێژەیی.

توێژەر دیزاینی ئەزموونی بەکارهێنا بۆ دوو گروپی یەکسان( ئەزموونگەری، کۆنترۆڵکار )، سەمپڵی توێژینەوە لە(٥٠) قوتابی پێکهاتبوون لەساڵی خوێندنی (٢٠١٤-٢٠١٥) بەجۆرێك (٢٥) قوتابی لەگروپی ئەزموونگەری و (٢٥) قوتابی لەگروپی کۆنترۆڵکار لەقوتابیانی پۆلی دەیەمی بنەڕەتی ، هەروەها توێژەر هاوسەنگی نێوان گروپەکانی لە: ( تەمەنی قوتابی بەمانگ ، نمرەی زیرەکی ، نمرەی ساڵی پاری بابەتی کۆمەڵایەتی ، پێوەری ئاراستە بەرانبەر بابەتی مێژوو ، ئاستی دەسکەوتی دایکوباوك ) ، بۆ بەدیهێنانی گریمانەکانی توێژینەوە توێژەر دوو ئامرازی ئامادەکرد، یەکەمیان تاقیکردنەوەی دەسکەوتی بابەتی لەجۆری هەڵبژاردە و لە (٤٥) برگە پێکهاتبوو ، هەروەها دروستی و جێگیری تاقیکردنەوەی دەرکرد بەبەکارهێنانی ( هاوکۆلکەی پەیوەندکاری پێرسۆن ) ، ئامرازی دووەم بریتیە لەپێوەری ئاراستە بەرانبەر بابەتی مێژوو و لە(٤٠) برگە پێکدێت پاشان دروستی و جێگیری پێوەری دەرکرد بەبەکارهێنانی ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە ، توێژەر ئەنجامی توێژینەوەکەی دەرهێنا بەبەکارهێنانی هەگبەی ئاماری (SPSS)، لەکۆتاییدا توێژەر گەیشت بەو ئەنجامەی کە:

- جیاوازی ماناداری ئاماری لەئاستی (٠,٠٥) بوونی هەیە لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری کەوانە بەستراتیژیەتی پرسسارکردنی خودی وەردەگرن و گروپی کۆنترۆڵکار کەوانە بەڕێگای ئاسایی وەردەگرن لەتاقیکردنەوەی دەسکەوتی بابەتی مێژوو و لەبەرژەوەندی گروپی ئەزموونگەری.
- جیاوازی ماناداری ئاماری لەئاستی (٠,٠٥) بوونی هەیە لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری کەوانە بەستراتیژیەتی پرسیارکردنی خودی وەردەگرن و گروپی کۆنترۆڵکار کەوانە بەڕێگای ئاسایی وەردەگرن لە ئاراستەیان بەرانبەر بەبابەتی مێژوو و لەبەرژەوەندی گروپی ئەزموونگەری.

لەکۆتاییدا توێژەر کۆمەڵێك پێشنیاز و ڕاسپاردەی خستەڕوو لەوانە بەکارهێنانی ستراتیژیەتی پرسیارکردنی خودی لەفێرکردنی بابەتی مێژوو و دوورکەوتنەوە لەڕێگای ئاسایی و پێویستی ڕاهێنانی قوتابیان لەسەر پیادەکردنی بەکارهێنانی ستراتیژیەتی پرسیارکردنی خودی ، هەروەها ئەنجامدانی توێژینەوەهی هاوشێوەی ئەم توێژینەوە لەقۆناغەکانیتری خوێندن و گۆراویتر. ( محمد، ٢٠١٥، ل ج-ح )

## گفتوگۆکردن لەسەر توێژینەوەکانی پێشوو:

دوای نیشاندانی توێژینەوەکانی پێشوو، دەتوانین ئاماژە و سوودی ئەم توێژینەوانە لەتوێژینەوەی ئێستادا بەم شێوە کورت بکەینەوە:

### یەکەم: لەڕووی ئامانجەوە

ئامانجی توێژینەوەی (الصیداوی، ٢٠١٥) بریتیە لەزانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی POSSEە لەگەشەپێدانی کارامەیی تێگەیشتنی خوێندنەوە لای قوتابیانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتیە لەشاری الوسطی ی وڵاتی فەڵەستین، هەروەها ئامانجی توێژینەوەی (أبو السعود، ٢٠١٨) زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی POSSEە لەسەر گەشەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوەی تێرامان لەبابەتی زانست و ژیان لای قوتابیانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی لەشاری رەفحی سەر بەغەزەی وڵاتی فەڵەستین ، لەلایەکیترەوە ئامانجی توێژینەوەی (أبو الشنب، ٢٠١٩) زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی POSSEە لەگەشەپێدانی کارامەیی بیرکردنەوەی داهێنەرانە لەبابەتە کۆمەڵایەتیەکان لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەشاری غەزەی وڵاتی فەڵەستین.

دەربارەی گۆڕاوی ئاراستە ئامانجی توێژینەوەی (حمد سعید، ٢٠١٤) زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی لەهەرچوار لاوە بۆ فێربوونی چالاك لەدەسکەوتن و پەرەپێدانی ئاراستەکردنی بابەتی ئەدەب لەزمانی کوردیدا لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لەشاری هەولێر لەهەرێمی کوردستانی عیراق، لەکاتێکدا توێژینەوەی (شیخو، ٢٠١٥) زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی .K.W.L.H ە لەدەسکەوت و ئاراستە بەرانبەر بابەتی جوگرافیا لای قوتابیانی پۆلی دەیەمی وێژەیی لەشاری هەولێر لەهەرێمی کوردستانی عیراق، هەروەها ئامانجی توێژینەوەی (محمد، ٢٠١٥) زانینی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی پرسیارکردنی خودیە لەدەسکەوت و ئاراستە بەرانبەر بابەتی مێژوو لای قوتابیانی پۆلی دەیەمی وێژەیی لەشاری هەولێری هەرێمی کوردستانی عیراق.

### دووەم: لەڕووی سەمپڵی توێژینەوە

توێژینەوەکانی پێشوو پشتیان بەسەمپڵی جۆراوجۆر بەستووە لەکۆمەڵگای توێژینەوەی جۆراوجۆری وەك قوتابیانی قۆناغی ( بنەڕەتی ، ئامادەیی )، هەرچی توێژینەوەی بەردەستە پشتی بەقوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی بەستووە لەقوتابخانەکانی ناو

شاری هەولێر ئەمەش تەنها یەکدەگرێتەوە لەگەڵ توێژینەوەی ( حمد سعيد، ٢٠١٤، ل ج-ح) ).

**سێیەم: ئامرازی توێژینەوە**

توێژینەوەکان لەڕێوانەکردندا پشتیان بەئامرازی ئامادەکراو لەتوێژینەوەکانی پێشوو بەستووە و هەندێکیتر هەڵسان بەئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوە ، هەرچی توێژینەوەی بەردەستە هەڵسا بەبەکارهێنانی ئامرازی ئامادەکراوی ( پێوەری ئاراستە بەرانبەر بەبابەتی ئەدەب).

**چوارەم: هۆکارەکانی ئاماری**

زۆربەی توێژینەوەکان ئاماژەیان بەبەکارهێنانی هۆکارەکانی ئاماری بەکارهاتوو لەتوێژینەوەکەیان کردووە، لەوانە: تاقیکردنەوەی T.test و هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ و هاوکێشەی کیودر ریتشاردسون K.R-٢٠ )، کای سکویر، هاوکۆلکەی پەیوەستداری پێرسون، هەرچی توێژینەوەی بەردەستە هۆکاری ئاماری وەك: ناوەندەژمێر و لادانی پێوەری و T.test و کای سکویر و کیودر ریتشاردسون ٢٠ تێدا بەکارهاتووە.

**پێنجەم: ئەنجامی توێژینەوە**

توێژینەوەکانی پێشوو لەئەنجامی توێژینەوەدا بەپێی جیاوازی ئامانجەکان و شێوازی توێژینەوە و سەمپڵ و ئامرازی توێژینەوە جیاوازیان هەیە کەدواتر ئاماژەی پێدەکەین لەئەنجامی توێژینەوەدا.

## ڕێباز و کردارەکانی توێژینەوە

**یەکەم: ڕێبازی توێژینەوە**

توێژەر پشتی بەڕێبازی ئەزموونگەری بەست بەو پێیەی لەگەڵ ئامانج و گۆڕاو و گریمانەی توێژینەوەکە گونجاوە.

**دووەم: دیزاینی ئەزموونی**

بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی توێژینەوە توێژەر پشتی بەو دیزاینە بەست کەپێی دەوترێت ئەزموونگەری گروپی هاوسەنگ بەتاقیکردنەوەی پێشی و پاشی ( فان دالين، ٢٠٠٧، ل٣٠٣-٣٠٤ )، ئەم دیزاینە لەدوو گروپ پێکدێت گروپی ئەزموونگەری کەبابەت بەستراتیژیەتی POSSE دەخوێنن و کۆنترۆلکار کەبابەت بەڕیگای ئاسایی دەخوێنن بەتاقیکردنەوەی پێشی و پاشی بۆ پێوەری ئاراستە ، هەروەك لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت.

خشتەی ژمارە (١)

دیزاینی ئەزموونگەری لێکۆڵینەوە

| گروپ | تاقیکردنەوەی پێشینە | ڕێگای وانەوتنەوە | تاقیکردنەوەی پاشینە |
| --- | --- | --- | --- |
| ئەزموونگەری | ئاراستە | ستراتیژیەتی POSSE | ئاراستە |
| کۆنترۆڵکار | | ڕێگای ئاسایی | |

### سێیەم: کۆمەڵگای توێژینەوە

پێکدێت لەهەموو قوتابیانی کچ لەپۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لەقوتابخانەکانی سەر بەپەروەردەی ناوەندی شاری هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢٢ – ٢٠٢٣ )، کەژمارەیان دەکاتە (٧٢٣٥) قوتابی لە (٢٦٠) قوتابخانەی بنەڕەتی ، ئەم زانیاریانەش لەبەشی ئاماری پەروەردەی ناوەند دەسکەوت.

### چوارەم: سەمپڵی توێژینەوە

سەبارەت بەسەمپڵی توێژینەوە ئەو تاکانەن کەلەنێو تاکەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە وەردەگیرێن بەڕێگای ئاماری لەڕووی ڕێگای هەڵبژاردنی ژمارەیان (عدس، والمنيزل، ٢٠٠٨، ل٢١٣ )، توێژەر بەمەبەست قوتابخانەی ( وەنەوشەی بنەڕەتی کچان ) ی دیاریکرد بەهۆی پێشکەشکردنی یارمەتی لەلایەن مامۆستایان و ستافی کارگێری قوتابخانەکە لەجێبەجێکردنی لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە لەم قوتابخانەیەدا.

توێژەر قۆناغی حەوتەمی هەڵبژارد کەپێکهاتبوون لە( ٢ ) هۆبە لە(٦٤) قوتابی پێکهاتبوو، بەجۆرێك هۆبەی ( أ ) (٣٢) قوتابی و هۆبەی ( ب ) (٣٢) قوتابی بوون ، پاشان بەهەڕەمەکی دابشیکردە سەر گروپەکان و هۆبەی ( أ ) بوون بەئەزموونگەری و هۆبەی ( ب ) بوون بەکۆنترۆڵکار، هەروەك لەم خشتەیەدا دیارە. خشتەی ژمارە ٢

**خشتەی ژمارە (٢)**

**گروپ و هۆبە و ژمارەی قوتابیانی سەمپڵی توێژینەوە**

| هۆبەی خوێندن | گروپ | ڕێگای وانەوتنەوە | ژمارەی قوتابیان | ژمارەی قوتابیانی دوورخراوە ( کەوتوو )[1] | ژمارەی کۆتایی قوتابیان |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| أ | ئەزموونگەری | ستراتیژیەتی POSSE | ٣٣ | ١ | ٣٢ |
| ب | کۆنترۆڵکار | ڕێگای ئاسایی | ٣٢ | - | ٣٢ |
| کۆی | | | | | ٦٤ |

### پێنجەم: هاوسەنگی گروپەکان:

توێژەر بەگرنگی زانی کەهاوسەنگی نێوان گروپەکان بکات لەهەندێ گۆڕاودا لەگەڵ ئەوەی گروپەکان بەشێوەی هەڕەمەکی دابەشکراون و لەوانەیە کار لەسەر گۆڕاوی کارتێکراودا بکەن، گۆڕاوەکانیش ئەمانەن:

### أ. تەمەنی قوتابی بەمانگ:

توێژەر تەمەنی قوتابیانی لەقوتابیەکان خۆیان و لەدۆسیەی قوتابیان لەقوتابخانە وەرگرت و ئینجا بەمانگ تەمەنی هەریەکەیانی دەرهێنا تا کاتی دەستپێکردنی ئەزموون ١٩/ ١ / ٢٠٢٣، پاشان ناوەندەژمێری تەمەنی قوتابیانی هەردوو گروپی توێژینەوەی دەرهێنا کە (١٥٢,٢٨) مانگ بۆ گروپی ئەزموونگەری و (١٥٢،١٥) مانگ بۆ گروپی کۆنترۆڵکار بوو.

بۆ زانینی جیاوازی نێوان هەردوو ناوەندەژمێر توێژەر تاقیکردنەوەی تایی ( T. test ) بۆ دوو سەمپڵی سەربەخۆی ژمارە یەکسان بەکارهێنا ( ابراهيم، ٢٠٠٠، ل٣٦٠ )، لەئەنجامدا دەرکەوت کەجیاوازی ماناداری ئاماری لەنێوانیاندا نییە، لەبەرئەوەی نرخی تایی دەرهێنراو (٠,٠٩٥) کەمترە لەنرخە خشتەییەکەی کە (٢,٠٣١) بوو لەئاستی دەلالەتی ( ٠,٠٥ ) و نمرەی ئازاد ( ٦٢ )، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەهەردوو گروپەکان لەگۆڕاوی تەمەندا یەکسانن. خشتەی ژمارە ( ٣ )

**خشتەی ژمارە ( ٣ )**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری تەمەنی قوتابیانی هەردوو گروپی توێژینەوە**

| گروپ | ژمارەی سەمپڵی توێژینەوە | ناوەندەژمێر | لادانی پێوەری | نرخی تایی | | دەلالەت لە(٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| ئەزموونگەری | ٣٢ | ١٥٢,٢٨ | ٥,٦٧ | ٠,٠٩٥ | ٢,٠٣١ | مانادار نییە |
| کۆنترۆڵکار | ٣٢ | ١٥٢,١٥ | ٤,٧٧ | | | |

### ب. نمرەی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی – وەرزی یەکەم:

توێژەر لەتۆماری نمرەی قوتابیان نمرەی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی وەرگرت، پاشان ناوەندەژمێری قوتابیانی هەردوو گروپی ئەزموونگەری و کۆنترۆڵکاری دەرهێنا، کە ( ٦٢,٦٢) و ( ٦٥,٥٣) بوو.

بۆ زانینی جیاوازی ماناداری نێوان ناوەندەژمێری هەردوو گروپ توێژەر تاقیکردنەوەی تایی ( T. test )ی بەکارهێنا بۆ دوو نمرەی سەربەخۆی ژمارە یەکسان و دەرکەوت کەجیاوازی لەنێوانیاندا نییە، چونکە نرخی تایی دەرهێنراو (٠,٦٤٧) نمرەیە کەمترە لەنرخە خشتەییەکەی کە (٢,٠٣١) نمرەیە لەئاستی ( ٠,٠٥ ) بەنمرەی ئازاد ( ٦٢ )، ئەمەش مانای ئەوەیە کەقوتابییانی هەردوو گروپ لەنمرەی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی – وەرزی یەکەم یەکسانن. خشتەی ژمارە ( ٤ )

**خشتەی ژمارە ( ٤ )**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری نمرەی زمان و ئەدەبی کوردی وەرزی یەکەمی هەردوو گروپی توێژینەوە**

| گروپ | ژمارەی | ناوەندەژمێر | لادانی | نرخی تایی | دەلالەت |
|---|---|---|---|---|---|

| | سەمپڵی توێژینەوە | | پێوەری | دەرهێنراو | خشتەیی | لە(٠,٠٥ ) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونگەری | ٣٢ | ٦٢,٦٢ | ١٧,٤٧ | ٠,٦٤٧ | ٢,٠٣١ | مانادار نییە |
| کۆنترۆڵکار | ٣٢ | ٦٥,٥٣ | ١٨,٤٢ | | | |

**ت. ئاستی خوێندنی باوکی قوتابیان:**

توێژەر ئاستی خوێندنی باوکی قوتابیانی هەردوو گروپی توێژینەوەی لەقوتابیەکان و دۆسیەی قوتابیانی قوتابخانە وەرگرت، پاشان لەگەڵ داتاکان ( کای دووجا )ی بەکارهێنا ( عودة والخليلي، ٢٠٠٠، ل٢٨٤ ). لەئەنجامدا دیارکەوت کەنرخی دووجای دەرهێنراو (٠,٠٨٣) کەمترە لەنرخی خشتەییەکەی کە ( ٥,٩٩ ) بوو لەئاستی دەلالەتی ( ٠,٠٥ )، بەپلەی ئازاد ( ٢ )، واتا جیاوازی ماناداری ئاماری لەنێوان قوتابیانی هەردوو گروپی توێژینەوە لەئاستی خوێندنی باوکانیاندا نییە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەقوتابیانی هەردوو گروپ لەگۆڕاوی ئاستی خوێندنی باوکاندا یەکسانن. خشتەکانی ژمارە ( ٥ ) و ( ٦ ) ئەمە ڕووندەکەنەوە.

**خشتەی ژمارە ( ٥ )**

**ئاستی خوێندنی باوکانی قوتابیانی هەردوو گروپی توێژینەوە**

| گروپ | نەخوێندەوار | دەخوێنێتەوە و دەنووسێت | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | پەیمانگا | کۆلێژ و بەسەرەوە | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونگەری | ٧ | ٧ | ١١ | ٤ | ٢ | ١ | - | ٣٢ |
| کۆنترۆڵکار | ٢ | ٩ | ٧ | ٦ | ٥ | - | ٣ | ٣٢ |

دوای لێکدانی خانەکان، ئەنجام بەم شێوەیە بوو:

**خشتەی ژمارە ( ٦ )**

**نرخی کای دووجا بۆ دەلالەتی جیاوازی لەنێوان قوتابیانی هەردوو گروپ لەئاستی خوێندنی باوکانیاندا**

| گروپ | نەخوێندەوار و دەخوێنێتەوە و دەنووسێت و ناوەندی | ئامادەیی | پەیمانگا و کۆلێژ و بەسەرەوە | سەرجەم | نرخی کا² | | دەلالەت لەئاستی ( ٠,٠٥ ) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| ئەزموونگەری | ١٧ | ٩ | ٦ | ٣٢ | ٠,٠٨٣ | ٥,٩٩ | مانادار نییە |
| کۆنترۆڵکار | ١٦ | ١٠ | ٦ | ٣٢ | | | |

**پ. ئاستی خوێندنی دایکی قوتابیان:**

توێژەر ئاستی خوێندنی دایکی قوتابیانی هەردوو گروپی دیارکرد بەڕێگەی دابەشکردنی فۆرمێك بەسەریان و لەدۆسیەی قوتابیان زانیاریەکانی بەدەستهێنا، ئینجا ( کای دووجا )ی لەگەڵ داتاکان بەکارهێنا، لەئەنجامدا دەرکەوت کەنرخی ( دووجا )ی دەرهێنراو (٠,١١٥) کەمترە لەنرخی خشتەیی (٥,٩٩)، لەئاستی دەلالەتی ( ٠,٠٥ ) بەپلەی ئازاد ( ٢ ) ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەقوتابیانی هەردوو گروپ هاوسەنگن لەگۆڕاوی ئاستی خوێندنی دایکدا. خشتەی ژمارە ( ٧ ) و ( ٨ ) ئەمە ڕوون دەکاتەوە.

**خشتەی ژمارە ( ٧ )**

**ئاستی خوێندنی دایکی قوتابیانی هەردوو گروپ**

| گروپ | نەخوێندەوار | دەخوێنێتەوە و دەنووسێت | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | پەیمانگا | کۆلێژ و بەسەرەوە | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونگەری | ٨ | ٦ | ١١ | ١ | ٢ | - | ٤ | ٣٢ |
| کۆنترۆڵکار | ٦ | ٨ | ١٥ | - | ٢ | - | ١ | ٣٢ |

دوای لێکدانی خانەکان، ئەنجام بەم جۆرە بوو.

**خشتەی ژمارە ( ٨ )**

**نرخی کای دووجا بۆ دەلالەتی جیاوازی لەنێوان قوتابیانی هەردوو گروپ لەئاستی خوێندنی دایکانیاندا**

| گروپ | نەخوێندەوار و دەخوێنێتەوە و دەنووسێت و ناوەندی | ئامادەیی | پەیمانگا و کۆلێژ و بەسەرەوە | سەرجەم | نرخی کا² دەرهێنراو | نرخی کا² خشتەیی | دەلالەت لەئاستی ( ٠,٠٥ ) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونگەری | ٢١ | ٦ | ٥ | ٣٢ | ٠,١١٥ | ٥,٩٩ | مانادار نییە |
| کۆنترۆڵکار | ٢٠ | ٦ | ٦ | ٣٢ | | | |

**ج. پێوەری ئاراستە:**

توێژەر پێوەری ئاراستە کە بۆ مەبەستی ئەم توێژینەوەیە بەکاریهێناوە بەسەر قوتابیانی هەردوو گروپ جێبەجێکرد، پاشان ناوەندەژمێری بۆ هەردوو گروپ دەرهێنا کە (٧٢,٧٨) بۆ گروپی ئەزموونگەری و (٦٩,٥٦) بۆ گروپی کۆنترۆڵکار بوو.

بۆ زانینی جیاوازی نێوان ئەم دوو ناوەندەژمێرە، توێژەر تاقیکردنەوەی تایی ( T. test ) بۆ دوو سەمپڵی سەربەخۆی ژمارە یەکسان بەکارهێنا و لەئەنجامدا دیارکەوت کەجیاوازی ماناداری ئاماری لەنێوانیاندا نییە، چونکە نرخی تایی دەرهێنراو (١,٧٤٩) کەمترە لەنرخە خشتییەکەی ( ٢,٠٣١ ) لەئاستی ( ٠,٠٥ ) و بەپلەی ئازادی (٦٢) ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەقوتابیانی هەردوو گروپ لەئاراستەدا هاوسەنگن. خشتەی ژمارە ( ٩ )

**خشتەی ژمارە ( ٩ )**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری ئاراستە لای قوتابیانی هەردوو گروپ**

| گروپ | ژمارەی سەمپڵی توێژینەوە | ناوەندەژمێر | لادانی پێوەری | نرخی تایی | | دەلالەت لە(٠,٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| ئەزموونگەری | ٣٢ | ٧٢,٧٨ | ٧,٩١ | ١,٧٤٩ | ٢,٠٣١ | مانادار نییە |
| کۆنترۆڵکار | ٣٢ | ٦٩,٥٦ | ٦,٧٥ | | | |

**شەشەم: ئامرازەکانی توێژینەوە**

بۆ بەدەستهێنانی ئامانج و گریمانەی توێژینەوە، پێویستمان بەئامادەکردنی یەك ئامراز هەیە، ئەویش پێوەری ئاراستەیە بەرانبەر بەبابەتی ئەدەب.

توێژەر لەم توێژینەوەدا پشتیان بەپێوەری ( حمد سعید، ٢٠١٤، ل ١٠٩-١١١ ) بەست لەبەرئەوەی لەگەڵ توێژینەوەکە دەگونجێت، ئەم پێوەرە لە ( ٣٧ ) بڕگە پێکدێت و هەر بڕگەیەکیش چەند بژێتی هەیە لەگەڵ ئەو ڕێنماییانەی کەچۆنیەتی وەڵامدانەوە دەخاتەڕوو.

- **دروستی پێوەر:**

بۆ زانینی دروستی هەر بڕگەیەك لەبڕگەکانی پێوەرەکە و دەسکاریکردن یان زیادکردن و کەمکردنی بڕگەکان توێژەر پێوەرەکەی دایە ژمارەیەك لەپسپۆر و شارەزایانی بواری ئەدەبی کوردی و پەروەردە و دەروونزانی. توێژەر پشتی بەڕێژەی ڕازیبوونی ( ٨٥% ) و بەسەرەوەی شارەزایان بەست بۆ دروستی هەر بڕگەیەك ، لەئەنجامدا هەر (٣٧) بڕگەکە ئەم ڕێژەیە و زیاتری بەدەستهێنا، بەم شێوە دروستی ڕواڵەتی پێوەر بەدەستهێنرا.

- **جێگیری پێوەر:**

مەبەست لەجێگیری پێوەر بریتیە لەوەی کەتاقیکردنەوە هەمان ئەنجام بەدەستەوە بدات ئەگەر هاتوو جارێکیتر لەسەر هەمان ئەنداکانی کۆمەڵەکە پراکتیزەکرابەوە ( عبدالرحمن، ٢٠٠٨، ل١٧٧ )، توێژەر پێورەکەی لەسەر سەمپڵی پەیپێبرد جێبەجیکرد کە لە( ٤٠ ) قوتابی پێکهاتوون لەقوتابخانەی ( سەنگینی بنەڕەتی کچان )، پاشان توێژەر هاوکێشەی پەیوەندکاری پێرسۆن- Pearson ) لەنێوان ئەنجامی هەردوو جێبەجێکردنی یەکەم لەڕێککەوتی ( ٢٠٢٣/١/٤ ) و دووەم لەڕێککەوتی ( ٢٠٢٣/١/١٨ ) دەرکرد کەماوەی نێوانیان ( ١٥ ) ڕۆژ بوو، بۆ دۆزینەوەی هاوکێشەی نمرەی هەرقوتابیەك لەتاقیکردنەوەی یەکەم و دووەم، جێگیری پێوەر بریتی بوو لە(٠,٧٨)، ئەمەش هاوکێشەیەکی گونجاوە سەبارەت بەم جۆرە، پێوەرەکە ئامادەبوو بۆ جێبەجێکردن و ژمارەی بڕگەکانی (٣٧) بڕگەن. هەروەك لەم خشتەیە ئەنجامەکەی دەردەکەوێت. خشتەی ژمارە ١٠

**خشتەی ژمارە ( ١٠ )**

**جێگیری پێوەری ئاراستە لای قوتابیانی سەمپڵی پەیپێبرد**

| پێوەر | جێبەجێکردن<br>ن =٤٠ | ناوەندەژمێر | لادانی پێوەری | هاوکێشەی پەیوەندکاری |
|---|---|---|---|---|
| ئاراستە | جێبەجێکردنی یەکەم | ٨٧,١٨ | ٩,٦٦ | ٠,٧٨ |
| | جێبەجێکردنی دووەم | ٨٦,٨٤ | ٨,٠٣ | |

**حەوتەم: هۆکارەکانی ئاماری**

**١. تاقیکردنەوەی ( تایی – T.test ) بۆ دوو سەمپڵی سەربەخۆی ژمارە یەکسان:**

بۆ دەرهێنانی هاوسەنگی نێوان هەردوو گروپ لەهەندێ گۆڕاو و سەلماندنی گریمانەکان.

( ابراهيم، ٢٠٠٠، ل٣٦٠ )

**٢. کای دووجا (کا$^2$):**

بۆ دەرهێنانی هاوسەنگی لەنێوان هەردوو گروپی توێژینەوە لەگۆڕاوی ئاستی خوێندنی دایکان و باوکانی قوتابییان. ( ملحم، ٢٠٠٢، ل٢٠٨ )

**٣. هاوکێشەی جی کۆپەر ( J. Cooper ):**

بۆ دۆزینەوەی ڕێژەی ڕێککەوتنی شارەزا و پسپۆران لەسەر هەندێك لەپێداویستیەکانی ئامرازی توێژینەوە بەکارهێنرا.

$$\text{ڕێژەی ڕێککەوتن} = \frac{\text{ژمارەی چەند جار ڕێککەوتن}}{\text{ژمارەی چەندجار ڕێککەوتن + ژمارەی چەندجار ڕێکنەکەوتن}}$$

( الوكيل والمفتى، ٢٠١٤، ل٢٢٦ )

**٤. هاوکێشەی پەیوەندکاری پێرسون:**

بەمەبەستی زانینی جێگیری پێوەری ئاراستە لەبەرانبەر بابەتی ئەدەبی کوردی بەکارهێنرا.

( المنيزل والغرايبة، ٢٠٠٧، ل١٢٨ )

## خستنەڕووی ئەنجامەکان و گفتوگۆ لەسەرکردنیان

لەژێر ڕۆشنایی گریمانەکانی توێژینەوە توێژەر بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

**یەکەم: ئەنجامی پەیوەندیدار بەگریمانەی یەکەم**

**جیاوازی ماناداری ئاماری بوونی نیە لەئاستی ( ٠،٠٥ ) لەنێوان ناوەندەژمێری نمرەی گروپی ئەزموونگەری کەوانە بەستراتیژیەتی POSSE وەردەگرن و گروپی کۆنترۆلکار کەوانە بەڕێگای ئاسایی دەخوێنن لەتاقیکردنەوەی پاشی پێوەری ئاراستەدا.**

بۆ زانینی ڕاستی ئەم گریمانە توێژەر ناوەندەژمێر و لادانی پێوەری نمرەی هەردوو گروپی توێژینەوەی دەرکرد، هەروەك لەم خشتەیەدا دیارە. خشتەی ژمارە ١١

**خشتەی ژمارە (١١)**

**ناوەندەژمێر و لادانی پێوەری لای قوتابیانی هەردوو گروپی توێژینەوە لەپێوەری ئاراستە**

| گروپ | ژمارەی سەمپڵی توێژینەوە | ناوەندەژمێر | لادانی پێوەری | نرخی تایی | | دەلالەت لە(٠،٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| ئەزموونگەری | ٣٢ | ٩٥,٨١ | ٨,٠٥ | ٤,٩٥٢ | ٢,٠٣١ | ماناداره |
| کۆنترۆڵکار | ٣٢ | ٨٥,٩٦ | ٧,٨٤ | | | |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت کەجیاوازی ماناداری ئاماری لەنێوان هەردوو گروپی توێژینەوە هەیە لەجێبەجێکردنی پاشیدا ، توێژەر تاقیکردنەوەی تایی (T.test) بۆ دوو سەمپڵی سەربەخۆی ژمارە یەکسان بەکارهێنا و دەرکەوت کەنرخی تایی دەرهێنراو (٤,٩٥٢) زیاترە لەنرخە خشتەییەکەی (٢,٠٣١) لەئاستی (**٠,٠٥**) و نمرەی ئازادی (٦٢). ئەمە بەواتای ئەوە دێت کەجیاوازی ماناداری ئاماری لەنێوان ناوەندەنمرەی جیاوازی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری زیاترە لەناوەندەنمرەی جیاوازی گروپی کۆنترۆڵکار لەتاقیکردنەوەی پاشی پێوەری ئاراستەدا و لەبەرژەوەندی گروپی ئەزموونگەری، کەواتە بەکارهێنانی ڕێگای ستراتیژیەتی POSSE لەوتنەوی بابەتی ئەدەبی کوردی کاریگەریەکی کاری هەبووە لەزیادکردنی ئاراستەی قوتابیان بەراورد بەڕێگای ئاسایی لەوتنەوەی بابەتی ئەدەب لەگروپی کۆنترۆڵکار، بەم شێوەیە گریمانەی (سفر)یی ڕەتدەکرێتەوە و برێتی/ بەدیلەکەی وەردەگیرێت.

**دووەم: ئەنجامی پەیوەندیدار بەگریمانەی دووەم**

**جیاوازی ماناداری ئاماری بوونی نیە لەئاستی ( ٠،٠٥ ) لەنێوان ناوەندەژمێری جیاوازی نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری لەتاقیکردنەوەی پێشی و پاشی پێوەری ئاراستە کەوانە بەستراتیژیەتی POSSE وەردەگرن.**

بۆ زانینی دروستی ئەم گریمانە توێژەر ناوەندەژمێر و لادانی پێوەری نمرەی هەردوو جێبەجێکردنی گروپی ئەزموونگەری دەرکرد، هەروەك لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت. خشتەی ژمارە ١٢

**خشتەی ژمارە ( ١٢ )**

**ناوەندەژمێر و لادانی پێوەری لای قوتابیانی گروپی ئەزمووونگەری لەتاقیکردنەوەی پێشی و پاشی پێوەری ئاراستەدا**

| گروپ | تاقیکردنەوە | ناوەندەژمێر | لادانی پێوەری | نرخی تایی | | دەلالەت لە(٠,٠٥ ) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| ئەزمووونگەری | پێشی | ٧٢,٧٨ | ٧,٩١ | ١١,٧٧ | ٢,٠٣١ | ماناداره |
| | پاشی | ٩٥,٨١ | ٨,٠٥ | | | |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت کەجیاوازی مانادارى ئامارى لەناوەندەنمرەی قوتابیانی گروپی ئەزمووونگەری هەیە لەپێوەری ئاراستە لەهەردوو جێبەجێکردنی پێشی و پاشی ، بۆ زانینی جیاوازی مانادارى ئامارى توێژەر تاقیکردنەوەی تایی ( T.test )ی بۆ دوو سەمپڵی سەربەخۆی ژمارە یەکسان بەکارهێنا لەئەنجامدا دەرکەوت نرخی تای دەرهێنراو (١١,٧٧) زیاترە لەنرخە خشتەییەکەی کە(٢,٠٣١) بوو و نمرەی ئازادی (٣١) لەئاستی (٠,٠٥). ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەجیاوازی مانادارى ئامارى لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی گروپی ئەزمووونگەری لەتاقیکردنەوەی پێشی و پاشی هەیە و لەبەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشی، بەم شێوەیە گریمانەی (سفر) یی ڕەت دەکرێتەوە و برێتی/بەدیل وەردەگیرێت.

**سێیەم: ئەنجامی پەیوەندیدار بەگریمانەی سێیەم**

**جیاوازی مانادارى ئامارى بوونی نیە لەئاستی ( ٠,٠٥ ) لەنێوان ناوەندەژمێری جیاوازی نمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکار لەتاقیکردنەوەی پێشی و پاشی پێوەری ئاراستە کەوانە بەڕێگای ئاسایی وەردەگرن.**

بۆ زانینی ڕاستی و دروستی ئەم گریمانە توێژەر ناوەندەژمێر و لادانی پێوەری نمرەی هەردوو جێبەجێکردنی گروپی کۆنترۆڵکاری دەرکرد، هەروەك لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت. خشتەی ژمارە ١٣

**خشتەی ژمارە ( ١٣ )**

**ناوەندەژمێر و لادانی پێوەری لای قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکار لەتاقیکردنەوەی پێشی و پاشی پێوەری ئاراستەدا**

| گروپ | تاقیکردنەوە | ناوەندەژمێر | لادانی پێوەری | نرخی تایی | | دەلالەت لە(٠,٠٥ ) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| کۆنترۆڵکار | پێشی | ٦٩,٥٦ | ٦,٧٥ | ٨,٤٥٩ | ٢,٠٣١ | ماناداره |
| | پاشی | ٨٥,٩٦ | ٧,٨٤ | | | |

ئەم خشتەیە ئەوە دەگەیەنێت کەجیاوازی مانادارى ئامارى لەناوەندەنمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکار هەیە لەهەردوو جێبەجێکردنی پێشی و پاشی پێوەری ئاراستە، بۆ زانینی جیاوازی مانادارى ئامارى توێژەر تاقیکردنەوەی تایی ( T.test )ی بۆ دوو سەمپڵی سەربەخۆی ژمارە یەکسان بەکارهێنا و دەرکەوت نرخی تای دەرهێنراو (٨,٤٥٩) زیاترە لەنرخە خشتەییەکەی کە(٢,٠٣١) بوو و نمرەی ئازادی (٣١) لەئاستی (٠,٠٥). ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەجیاوازی مانادارى ئامارى لەنێوان ناوەندەنمرەی قوتابیانی گروپی

کۆنترۆڵکار لەتاقیکردنەوەی پێشی و پاشی بوونی هەیە و لەبەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشی، بەم شێوەیە گریمانەی (سفر) یی ڕەت دەکرێتەوە و بریتی/بەدیل وەردەگیرێت.

## سەرئەنجام و پێشنیاز و ڕاسپاردەکان

### ١. سەرئەنجام:

لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوە توێژەر گەیشت بەم سەرئەنجامانەی خوارەوە:

- بەکارهێنانی ستراتیژیەتی POSSE لەوتنەوەی بابەتی ئەدەبی کوردی قوتابیانی گروپی ئەزموونگەری پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی کاریگەریەکی دیار و بەرچاوی هەیە لەگەشەپێدانی ئاراستەی قوتابیان.
- بەکارهێنانی ڕێگای ئاسایی لەوتنەوەی بابەتی ئەدەبی کوردی لای قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکاری پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی گەشەی بەئاراستەی قوتابیان داوە بەڵام کەمترە ڕێژەکەی بەراورد بەگروپی ئەزموونگەری.
- بەکارهێنانی ستراتیژیەتی POSSE لەوتنەوەی بابەتی ئەدەبی کوردی قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی کاریگەریەکی چالاك و بەرچاوی هەیە لەئاراستەی قوتابیان بەراورد بەڕێگای ئاسایی بەکارهێنراو لەوتنەوەدا.

### ٢. پێشنیاز:

توێژەر لەچوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا بۆ پێشخستنی وتنەوەی وانەی ئەدەبی کوردی چەند پێشنیازێك دەخاتەڕوو:

- تاقیکردنەوەی کاریگەری ستراتیژیەتی POSSE لەسەر گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون و مەیل و ئارەزوو و باوەڕبەخۆبوون لەئەدەبی کوردی لای قوتابیانی ( پۆلەکانی قۆناغە بنەڕەتییەکان ).
- تاقیکردنەوەی کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی POSSE لەسەر ئاراستە لای قوتابیانی ( پۆلەکانی تری قۆناغە بنەڕەتیەکان ).
- تاقیکردنەوەی کاریگەری ڕێگا و ستراتیژیەتەکانی تری توێژینەوە لەسەر گەشەپێدانی ئاراستە لای قوتابیانی ( پۆلەکانی قۆناغە بنەڕەتییەکان ).
- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لەبەکارهێنانی ستراتیژیەتی POSSE لەبابەتەکانیتری خوێندن.

### ٣. ڕاسپاردە:

لەژێر ڕۆشنایی سەرئەنجام و پێشنیازی توێژینەوە، توێژەر چەند ڕاسپاردەیەکی خستەڕوو:

- بەکارهێنانی ستراتیژیەتی POSSE لەوتنەوەی بابەتی ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لەقوتابخانە بنەڕەتیەکانی هەرێمی کوردستان و کردنەوەی خولی ڕاهێنانی ساڵانە بۆ مامۆستایانی بابەت بەبەکارهێنانی ئەم ستراتیژیەتە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر.

- هانی مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی بدرێن لەکاتی سەردانەکانیاندا لەلایەن سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و پسپۆڕی زمان و ئەدەبی کوردی بەوەی ئەو ستراتیژیەتانە بەکاربهێنن کەقوتابی تەوەرو خاڵی سەرەکی و کارای پرۆسەی فێرکردن و فێربوونن.
- سوود وەرگرتنی مامۆستایانی زمان و ئەدەبی کوردی لەپێوەری ئاراستە بۆ زانینی ئاستی ئاراستە لای قوتابیان و گرتنەبەری ڕێ و شوێنی پێویست بەگوێرەی ئەنجامەکەیان.
- مامۆستایانی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لەکاتی وتنەوەی بابەتەکە ڕەچاوی ئاراستەی قوتابیان بکەن بەگرنگیدان بەئاراستەی قوتابیان لەپرۆسەی فێرکردن و فێربووندا.
- پێویستە مامۆستایانی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی ئاشنا بکرێت بە ستراتیژیەتە نوێ و هاوچەرخەکان ، چونکە دەگونجێت لەگەڵ پێویستیەکانی سەردەمی نوێ.

## سەرچاوەکان


١. ابراهيم، مروان عبدالمجيد ( ٢٠٠٠ ). الأحصاء الوصفى والاستدلالى، الطبعة الأولى، دار الفكر للطباعة والنشر، عمان – الأردن.

٢. أبو جادو، صالح محمد على ( ٢٠٠٦ ). سيكولوجية التنشئة الإجتماعية، الطبعة الخامسة، دار المسيرة للنشر والتوزيع ، عمان – الأردن.

٣. أبو سعود، علم الدين أحمد محمود ( ٢٠١٨ ). أثر توظيف استراتيجية تنال القمر فى تنمية مهارات التفكير التأملى فى مادة العلوم والحياة لدى تلميذات الصف الرابع الأساسى بغزة، ( رسالة ماجستير غير منشورة )، كلية التربية ، الجامعة الإسلامية بغزة ، غزة – فلسطين.

٤. أبو شنب، جميلة أحمد حسن ( ٢٠١٩). أثر توظيف استراتيجية تنال القمر فى تنمية مهارات التفكير الإبداعى فى مادة الدراسات الاجتماعية لدى طالبات الصف الثامن الأساسى بغزة، ( رسالة ماجستير غير منشورة )، كلية التربية، جامعة الأزهر بغزة ، غزة – فلسطين.

٥. أبو مغلى، سميع ( ٢٠٠٢ ). التنشئة الاجتماعية للطفل، دار اليازورى، عمان – الأردن.

٦. حبيب، رباح ( ٢٠١٥ ). واقع استخدام ممارسات التعلم البنائى لدى معلمى مرحلة التعليم الأساسى بمحافظة غزة، ( رسالة ماجستير غير منشورة )، جامعة الأزهر، كلية التربية، غزة – فلسطين.

٧. الحريرى، رافدة عمر ( ٢٠٠٧ ). التقويم التربوية الشامل للمؤسسة المدرسية، الطبعة الاولى، دار الفكر، عمان – الأردن.

٨. دحلان، عمر على (٢٠١٩). فاعلية توظيف استراتيجيه تنال القمر (POSSE) فى تحسين مهارات فهم المقروء والاحتفاظ بها لدى تلاميذ الصف الخامس الأساسى، مجلة الدولية للبحوث في التربية وعلم النفس، المجلد ٧ ، العدد ١، جامعة الاقصى ، غزة – فلسطين.

٩. زيتون، عايش محمود ( ٢٠١٠ ). الاتجاهات العالمية المعاصرة فى مناهج العلوم وتدريسها، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان – الأردن.

١٠.الزيود، نادر فهمى واخرون، ( ١٩٩٩ )، التعلم والتعليم الصفى، الطبعة الرابعة، دار الفكر الطباعة والنشر والتوزيع، عمان – الأردن.

١١.سلمان، م. م. ايناس جهاد (٢٠١٦). اثر استراتيجية تنال القمر فى مهارات ما وراء المعرفة فى مادة علم الاحياء لدهى طالبات الصف الرابع العلمى، مجلة البحوث التربوية والنفسية، العدد ٥١، جامعة بغداد، بغداد – العراق.

١٢.السليتى، فراس ( ٢٠٠٨ ). استراتيجيات التعلم والتعليم النظرية والتطبيق، الطبعة الأولى، عالم الكتب الحديث وجدرارا العالمى للنشر والتوزيع، عمان – الأردن.

١٣.شيخو، نارين كمال سعيد (٢٠١٥). اثر استخدام استراتيجية K.W.L.H. فى التحصيل والاتجاه نحو مادة الجغرافيا لدى طالبات الصف العاشر الأدبى، ( رسالة ماجستير غير منشورة ) ، جامعة صلاح الدين/اربيل، كلية التربية الأساس ، اربيل – العراق.

١٤.صالح، على عبدالرحيم ( ٢٠١٤ ). المعجم العربى لتحديد المصطلحات النفسية، الطبعة الأولى، دار ومكتبة الحامد للنشر والتوزيع، عمان – الأردن.

١٥.صايمة، سمر عبدالمنعم والكومى، إيمان على ( ٢٠٢٠ ). أثر استخدام استراتيجية تنال القمر فى تنمية مهارات الفهم القرائى لدى طلبة الصف الثالث الابتدائى بغزة، مجلة الجامعة الإسلامية للدراسات التربوية والنفسية، المجلد٢٨، العدد٧، جامعة الإسلامية بغزة – غزة – فلسطين.

١٦.الصيداوى، خالد ياسين عيسى ( ٢٠١٥ ). أثر استخدام استراتيجية تنال القمر على تنمية مهارات الفهم القرائى لدى تلميذات الصف الرابع الأساس، ( رسالة ماجستير غير منشورة )، الجامعة الإسلامية بغزة، كلية التربية، غزة – فلسطين.

١٧.عبد، د. الحارث شاكر ( ٢٠١٩ ). أثر التدريس على وفق استراتيجية تنال القمر فى التحصيل والاستبقاء لدى طلاب الصف الرابع الأدبى فى مادة الجغرافيا، مجلة الجامعة العراقية، العدد ٤٤ ج٢، الجامعة العراقية، بغداد – العراق.

١٨.عبدالرحمن، د. سعد (٢٠٠٨). القياس النفسى النظرية والتطبيق، الطبعة الخامسة، هبة النيل للنشر والتوزيع، الجيزة – مصر.

١٩.عدس، عبدالرحمن والمنيزل، عبدالله (٢٠٠٨). مقدمة فى الأحصاء التربوى، الطبعة الپانية، دار الفكر للنشر والتوزيع والطباعة، عمان – الأردن.

٢٠.عطية، محسن على ( ٢٠٠٩ ). استراتيجيات ما وراء المعرفة فى فهم المقروء، الطبعة الأولى، دار المناهج للنشر والتوزريع، عمان – الأردن.

٢١.عيسان، صالحة عبدالله واخرون ( ٢٠٠٧). اتجاهات حديثة فى التربية، الطبعة الأولى، دارالمسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان – الأردن.

٢٢.فان دالين، ديوبولاب (٢٠٠٧). مناهج البحث فى التربية وعلم النفس، ت: نبيل نوفل واخرون، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة – مصر.

٢٣. الفتلى، م. د. سماح عبدالكريم عباس ( ٢٠٢١ ). فاعلية استراتيجية تنال القمر فى تحصيل طالبات الصف الرابع العلمى فى مادة الفيزياء وتنمية مهارات التفكير المكانى، مجلة كلية التربية، جامعة واسط، العدد ٤٢، الجزء الأول، كوت – العراق.

٢٤. فرج واخرون ( ٢٠٢١ ). اثر استراتيجية تنال القمر فى تنمية الاستيعاب القرائى عند طلاب الصف الأول المتوسط فى مادة اللغة العربية، مجلة الدراسات المستدامة، السنة الثالثة، المجلد ٣، العدد ٤، جامعة الأنبار، كلية التربية، أنبار – العراق.

٢٥. فنونه، زاهر نمر محمد ( ٢٠١٢ ). أثر استخدام نموذج التعلم التوليدى والعصف الذهنى فى تنمية المفاهيم والاتجاه نحو الأحياء لدى طلاب الصف الحادى عشر بمحافظات غزة، ( رسالة ماجستير غير منشورة )، جامعة الإسلامية، غزة – فلسطين.

٢٦. قطامى، يوسف وقطامى، نايفة ( ٢٠٠١ ). سيكولوجية التدريس، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان – الأردن.

٢٧. مجيد، سوسن شاكر ( ٢٠١٤ ). أسس بناء الاختبارات والمقاييس النفسية والتربوية، الطبعة الثالثة، مركز ديبونو لتعليم التفكير، عمان – الأردن.

٢٨. محمد، ره‌وا صالح (٢٠١٥). اثر استخدام إستراتيجية التساؤل الذاتى فى التحصيل والاتجاه نحو مادة التاريخ لدى طالبات الصف العاشر الأدبى، ( رسالة ماجستير غير منشورة )، جامعة صلاح الدين-اربيل ، كلية التربية الأساس، اربيل – العراق.

٢٩. ملحم، سامى محمد ( ٢٠٠١ ). سيكولوجية التعلم والتعليم الاسس النظرية والتطبيقية، الطبعة الأولى، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان – الأردن.

٣٠. ملحم، سامى محمد (٢٠٠٢). مناهج البحث فى التربية وعلم النفس، الطبعة الثانية، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان – الأردن.

٣١. المنيزل، عبدالله فلاح والغرايبة، عايش موسى ( ٢٠٠٧ ). الإحصاء التربوي تطبيقات بإستخدام الرزم الإحصائية للعلوم الإجتماعية، الطبعة الأولى، دار المسيرة للنشر والتوزيع، عمان – الأردن.

٣٢. الوكيل، حلمى احمد والمفتى،محمد امين ( ٢٠١٤ ). أسس بناء المناهج وتنظيماتها، الطبعة السابعة، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، عمان – الأردن.

٣٣. Aprilia, Nindya (٢٠١٥). Improving Reading Comprehension of The Eighth Grade Students at SMPN ٦ Yogyakarta Through POSSE Strategy in the Academic Year of ٢٠١٤/٢٠١٥, University of Yogyakarta, Faculty of Languages and Arts, Yogyakarta – Indonesia.

٣٤. Jameel, Ali Sabah (٢٠١٧). The Effectiveness of P.O.S.S.E. Strategy on Improving Reading Comprehension of the EFL university Students, International Journal of English Literature and Social Sciences, Vol-٢, Issue-٤, WorldCat , Scilit MDPI AG (Basel, Switzerland), Tyndale University College & Seminary, Indiana University, Neliti (Indonesia's Research Repository).

https://dx.doi.org/١٠,٢٤٠٠١/ijels.٢,٤,١٥

وەرگیراوە لەڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/٥.

٣٥. Mertosono, Sudarkam S. & ETAL )٢٠٢٠(. Using POSSE Strategy in Teaching Reading Comprehension, Ethical Lingua, Vol. ٧, No. ٢, Universitas Tadulako, Palu - Indonesia.

٣٦. حمد سعید، جوان احمد (٢٠١٤). کاریگەری ستراتیژیەتی لەهەر چوار لاوە بۆ فێربوونی چالاك لەدەسکەوتن و پەرەپێدانی ئاڕاسەکردنی بابەتی ئەدەب لەزمانی کوردی دا، ( نامەی ماستەری بڵاونەکراوە )، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر - عیراق.

٣٧. محمد، خەڵات عبدالقهار ( ٢٠١٥ ). کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجییەتی هەژاندنی مێشك لەسەر دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەئەدەبی کوردیدا و گەشەپێدانی باوەڕبەخۆبوون و ئارەزووپان بۆ خوێندن و فێربوونی ئەدەب، ( نامەر ماستەری بڵاونەکراوە )، زانکۆی سەڵاحەددین، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، هەولێر- عیراق.

---

[١] تەنها بۆ مەبەستی توێژینەوە دوورخرانەوە.

[٢] بۆ ئەوەی ژمارە لەهەر خانەیەکدا ببێتە ( ٥ ) و بەسەرەوە ، ئەم خاڵانە لێکدران:

- ( نەخوێندەوار و دەخوێنێتەوە و دەنووسێت و ناوەندی ) ، ( پەیمانگا و کۆلێژ و بەسەرەوە ).

٣ بۆ ئەوەی ژمارە لەهەر خانەیەکدا ببێتە ( ٥ ) و بەسەرەوە ، ئەم خاڵانە لێکدران:

- ( نەخوێندەوار و دەخوێنێتەوە و دەنووسێت و ناوەندی ) ، ( پەیمانگا و کۆلێژ و بەسەرەوە ).

Title of Thesis

## The Effect of Using POSSE Strategy in the Trend Development of Seventh-Grade Basic Students in Kurdish Literature

**A.L Chiman Hamza Drwish**

**Department of Kurdish Language/College of Basic Education/ Salahaddin University-Erbil**

**Abstract**

The aim of this study is to find out the effect of using POSSE strategy in Trend Development of Seventh-Grade Basic Students in Kurdish Literature.

The researcher relied on the balanced design which includes two groups, the experimental group which they study through POSSE Strategy, and the control group which they study normally. The research population includes seventh-grade students of basic schools at the centre of Erbil in ٢٠٢٢-٢٠٢٣. The researcher chose Wanawsha Basic School, they selected two groups randomly, the students were distributed into two groups; Group A was the experimental group which they were ٣٢ students, and group B was the control group which they were ٣٢ students. The researcher found out the balance between both groups from the variables (student age in months, results of Kurdish-language

subject in the first Semester, education level of students' parents, Orientation scale).

The research tool is Trend scale that the researcher relied on the scale (Hamad Saeed, ٢٠١٤) which included ٣٧ items and divided into (٣) alternatives. The researcher verified research tool by giving to a number of experts and professionals, as well as the stability of a tool was achieved by retest in which the stability scale in Trend Development was (٠,٧٨). After implementing the tool and extracting the results using T.test, the researcher came to the following conclusions:

١. There is a significant difference at the level of (٠,٠٥) between the average difference score on Orientation scale in post-test of the experimental group, which they study the Kurdish Literature by following POSSE Strategy, and the average score on Trend Development of the control group they study the subject normally in favor of experimental group.
٢. There is a significant difference at the level of (٠,٠٥) between the average score on Trend Development scale in pre- and post-test of the experimental group, which they study the subject by following POSSE Strategy in favor of post-test.
٣. There is a significant difference at the level of (٠,٠٥) between the average score on Trend Development scale in pre- and post-test of the control group, which they study the subject normally in favor of post-test.

**Keywords**: POSSE Strategy, Trend Development, Seventh-Grade Basic